مەسعوود محەمەد

# حەجێکی تر بۆ بەردەرگای
# «خەتێ»ی زانا

و: حەکیم کاکەوەیس

مەسعوود محەمەد

حەجێکی تر بۆ بەردەرگای «خەتێ»ی زانا

«تثنية الحج الى اعتاب بوابة العلامة الخطي»

گۆڤاری «کاروان»، ژمارە 72-71، ساڵی 1989

و: حەکیم کاکەوەیس

حەساری گەورە، کەرکووک ,کوردستان ٢٠١٥

بەشی یەکەم

گۆڤاری «کاروان»، ساڵی حەفتەم، ژمارە ٧١، کانوونی دووەمی ١٩٨٩

ئەرکی گران بە سەر خەسڵەتی منەوە ئەوەیە ناچار بم لەو نووسەرانە بەدەنگ بێم کە بەرپەرچی هەندێ لە نووسینەکانم دەدەنەوە. وام پێ باشترە نووسینەکە و ئەوەی لە سەری دەنووسرێ بۆ وردبینی و تێگەیشتنی خوێنەران لێگەڕێم تا نووسراوەکە و بەرپەرچدانەوەکە، یا هەردوو ڕووی بابەتەکە، کامەیانیان بە دڵە و لەگەڵ باوەڕیاندا یەک دێتەوە پەسەندی بکەن. باوەڕیش ناکەم ئەگەر هەڵە لە بۆچوونی خوێنەردا لە بارەی ئەو بابەتانەوە هەبێ کە بە عادەت قەڵەمی ئێمەومانان سەرقاڵ دەکەن، زەوی لە ڕێڕەوی خۆی لابدات. لەبەر ئەوە، مەگەر بە دەگمەنی دەگمەن، دەنا گرنگی بەو نارەزایی و کاردانەوانە نادەم کە بە پێی بۆچوونی من هەڵەن و بە دووی نووسینمدا، بە بەلاش بەرانبەر بە ڕاستی دەوەستنەوە، ئاگاشم لەوە هەیە کە دواقسەکەری دەمەتەقێ و بەرپەرچدانەوە بە سەرکەوتوو دەژمێردرێ و ئەوەی لە دوای ڕەخنە بێدەنگ دەبێ، بە دۆڕاو دادەندرێ. من بێدەنگییەکم پێ خۆشترە کە تێکەڵی خەمی بە سەهووچوونی خوێنەر بێ کە پێی وابێ بێدەنگی نیشانەی دۆڕاندنە. دڵدانەوەی باڵا لەم شەرعەدا ئەو دڵنیاییەشی دێتە سەر کە لە خەسڵەتدا، بە باوەڕێکەوە هەیە کە ئەنجام سەرکەوتنی ڕاستییە ئەگەرچی درەنگیش بێ. ئەگەر قبووڵکردنی ڕاستی لە ناو هەر تەمومژێکدا بێ، لە ناخدا ڕەگی هەبێ ئیتر گرنگ نییە ئەملا ڕاستە یا ئەوی تر، بە مەرجێ شوێنەواری نەرێنی وەک هەڵچوونی ناخ و هەستی زاڵبوونی لێ نەکەوێتەوە، چونکە هەستی زاڵبوون چاڵ و کەندی وا دروست دەکا کە لە بەردەم سەرکەوتوودا دەبنە بەربەستی وەها کە پێشتر لە بەردەم دەمەتەقێکەدا نەبوونە و بەرەوڕووی بەڵگە و بورهان دەبنە لاملییەک کە بە زەرەر دەشکێتەوە. میری شاعیرانیش «ئەحمەد شەوقی» لە سەر زاری کەسایەتییەکی شانۆگەرییەکەیەوە «مەجنون لەیلا - شێتی لەیلا» گوتوویەتی: *«بابەتی جیاواز هیچ بابەتێکی خۆشەویستی تێکنادا»*. ئەوەش قسەیەکی شاعیرانەی جوانە و لە جێی خۆشیدا، لە شانۆنامەکەدا، لەوپەڕی جوانیدایە، بەڵام بە دەرگای تەمێی خێردا ڕۆیشتووە و بۆ هەموو کەس بە مەبەستی چاکەوە لکاوە. سروشتی نەفسی مرۆڤ وایە دژی هەموو بەربەستێک بێ و لێی دەوەشێتەوە بەرانبەر بە بچووکترین ئاماژەی بەرهەڵستکاری هەڵچێ و جیاوازی (بۆچوونی وەک یەک) و (بۆچوونی جیاواز) بۆ بەردەوامی خۆشویستن ئاسمانوڕێسمانە و ئێمەی ڕۆژهەڵاتیش کە لە دەمی هاوڕاییدا هەڵدەچین، لە کاتی ناتەبایی بۆچوونیشدا، خوا یارمەتیدەرمان بێ.

ئەگەر وا دابنێین دەروونی بەشەر تێکۆشا و گەیشتە ئەوەی مافی خۆی لەگەڵ ئەو مافەدا یەکسان بکا کە لە سەریەتی، هێشتا بەوە ئاسوودە دەبێ بۆچوونی خۆی ڕاست بێ نەک لە ڕێی چاکەخوازێکەوە بەو ڕاستییە گەیشتبێ و هەر دەبێ وەهاش بێ. ئەگەر پێی چاکتر بێ خۆی ڕاستی پێکابێ نەک خرابێتە سەر ڕێی ڕاست، بە پێی بەدیهە، دەکاتە ئەوەی شیرینی پێ خۆشتر بێ لە تاڵی، ئەوجا سەرچاوەیەکی شکۆی بەرزی بۆ بەچاکزانینی ڕاستی بۆ دەمێنێتەوە ئەوەش ئەوەیە ڕاستی خۆی لە خۆیدا ڕاگەیاندنی ئیفلاسی لۆژیکێکە کە بە درێژایی زەمان بە هەڵەدا ڕۆچووە و ئەوەش خەسارەتێکی مەزنە.

خوێنەر دەتوانێ لەوەی سەرەوەڕا کە دەرمبڕی، بەو ئەنجامە بگا کە من لە نووسینمدا، گوتار یا هەڵوێستە یا سۆراغ و ڕاستکردنەوە، مەودایەکی زۆرم لە بزوێنەرە زاتییەکان تێپەڕاندووە چونکە بە قەدەر بەرچاوڕوونی لە سەرچاوەی شتەکان، ڕۆڵی هەستی سۆزدار بۆ هەڵوێست وەرگرتن لە ئاستیدا کەم دەبێ. من کە ئەمڕۆ بۆ میحرابی باسی «خەتێ»ی زانا دەگەڕێمەوە ڕێیەکم گرتۆتە بەر، ئەو ڕێگا ئاساییە نییە کە بۆ بەرگریکردنی دادپەروەرانە لە بۆچوونی بەرپەرچدراو دەگیرێتە بەر. ئەگەر وام بکردایە تۆمەت یەخەی بەرنەدەدام، بەڵکو هاتووم وەک ئەو ئیزنخوازە لە دەرگای دەدەم، تا ئەمانەتێک بگەیەنێ کە ڕۆژگار لە ویژدانی ئەو نیەتپاکانەدا هەڵیگرتووە کە گومانی بەد دەبەن. ئەگەر لەبەر مەبەستێکی دەروونی یاقووبەوە نەبوایە، چەندین ساڵ پێشتر ئەو بابەتەم یەکلایی دەکردەوە کە شاردنەوەی نەخۆشی خستم. نەختێکی تر بە خوێنەری ڕادەگەیەنم کە چی دەست و زمانی بەستم بۆ ئەوەی ئەو ڕاستییە ئاشکرا نەکەم کە ویژدانم دەیویست ئاشکرای بکەم و ڕاستییەکەش لەو

بابەتەیە کە شاعیری فارسی (پێم وابێ شیرازییە) دەیڵێ: نهێنییەکی سەیر لە دڵمدا هەڵدەگرم، ئەگەر بیڵێم زمانم دەسووتێنێ و ئەگەر نەیڵێم دەترسم مۆخی ئێسکم بسووتێنێ… چاریشم نییە ئەوە نەبێ خۆم بە بەیتە شیعرێکی شەوقییەوە ببەستم کە لە شانۆکەیدا بە زمانی لەیلاوە دەیڵێ:

لە نێوان دوو شتدام کە هەردوکیان ئاگرن
ناچارم مەکە، هاوکاریم بکە

لە گیانی کۆچکردووە نەمرەکانمان، ئەوانەی لێم شاردنەوە و ئەوانەی بە پێی توانای دەربڕین بۆم ئاشکرا کردن، داوای لێبوردن و بەخشینم هەیە. ڕەنگە لاپەڕەیەک بە دێرڕێژکردنی ڕاستی ڕەها، بە مەرەکەب ڕەش بکرێتەوە، ڕاستگۆییەکەی بەشی ئەوە بکا شەرمەزاری لاببات و بۆ شاردنەوە و ئاشکراکردن ببێتە بیانوو.

ئەم دێڕانەی خوارەوەش بۆ خوێنەرن تا ڕووی ڕاستی لە فەتواکەی مەلای خەتێ و مەبەستەکەی لەو فەتوایە ببینێ و لەوەش ڕوونترە کە چاو بە هەڵەدا بەرێت یا بەرگەی لێکدانەوە و شیکردنەوە بگرێت، ئەمەش بەڵگە:

مامۆستا عەزەدین مەلا ئەفەندی لە دایکەوە دەچێتەوە سەر بنەماڵەی میر محەمەد، کە لای کورد بە پاشای کۆرە ناسراوە و کچەزای عەبدوڵا موخلیس بەگی کوڕی ئەسعەد بەگی کوڕی ڕەسووڵ پاشای برای (وەک بزانم دایکی و باوکی[1]) میر محەمەدە. ئەو، بەپێی زانیارییەکی کە لایەتی و لە سەر باسی فەتواکە شایەدی دەدا، بە باسی ئەو پیاوە دەچێ کە لە چیرۆکی یووسفدا، کاتێ ڕای جیاواز لە بارەی بێتاوانییەوە لە گێچەڵێک کە بە ژنی پاشای عەزیز[2]ی کردبێ و قورئانیش ئەمەی لێ گواستۆتەوە: «شایەدێک لە کەسانی خۆی شایەدی دا کە کراسەکەی لە بەرەوە هەڵدڕاوە..» تا کۆتایی ئایەتەکە. جا با بزانین مامۆستا عەزەدین چ شایەدییەک دەدا. ئایە دەڵێ کراسەکە لە پشتەوە هەڵدڕاوە و بێتاوانە یا دەڵێ لە بەرەوە هەڵدڕاوە و تاوانبارە؟ شایەدییەکەی لە بەر چاوان و گوێچکەیە و هی مەجلیسە و زیاتر باس کراوە و لە نامەی تایبەتیشدا بۆ منی ناردووە و دەڵێ:

> حوسێن حوزنی موکریانیی خوالێخۆشبوو نوسخەیەکی لە کتێبەکەی خۆی «میرانی سۆران»، لە یەکێ لە سەردانەکانیدا بۆ مزگەوتی قەڵا بە دیاری داوەتە مەلا ئەفەندی. دوای ئەوە بە چەند ڕۆژێ لە ماڵەوە چۆتە سەردانی مەلا ئەفەندی لە باداوای قەراغی شار، مەلا ئەفەندیش لەو ماوەیەدا کتێبەکەی خوێندبۆوە. بە گلەییەوە بە حوسێن حوزنی گوتووە:
>
> *«جەناب تۆ دەزانی بە ڕەزامەندی پاشا ئەو فەتوایە دراوە، ئیتر چۆن لە ئاستی ئەو ڕاستییە بێدەنگ دەبیت؟ من لە عەبدوڵا موخلیس بەگم بیستووە لە زاری باوکی و ڕەسووڵ پاشای باپیرەیەوە گوتوویەتی کە فەتواکە بە ڕەزامەندی هەمووان (واتە بنەماڵەی پاشا) دراوە و ئەوەش لە جەنابت شاراوە نییە».*

ئەوە قسەی مەلا ئەفەندی بووە بۆ موکریانی و لەگەڵ ئەو بۆچوونە باوانەی پێش بڵاوبوونەوەی کتێبی «میرانی سۆران»دا یەکی گرتۆتەوە و پشتگیری کردوون کە دەڵێ ئەو فەتوا نەفرەتییە وەک گەواڵەی بەهار لە خۆڕا پەیدا نەبووە و وەک بروسکە لە بورجی خیانەتەوە دانەبەزیوە. ئەگەرچی بۆ ئەوانەی لەگەڵ تۆمەتبارکردنی خەتێدا بە خیانەتکاری ڕاهاتوون و لەگەڵ باوەڕیاندا کە لەو سەرچاوانەوەیە چاوەڕوانی بە خائینکردنیان لێ دەکرێ

---

[1] کورد دەڵێ: دایکبرا و باوکبرا و برای دایکی و باوکی.

[2] مەبەست لە «عزیز» دەسەڵاتداری میسرە و لە (یوسف زلێخا)ی عەسریش هەر بە عەزیز هاتووە. "عەزیزی میسر". پاشا یا هەر نازناوێکی دەسەڵاتداریش بگوترێ کێشە نییە.

هاوتەریبە و زەحمەتە پاشگەز ببنەوە، دەبوو بە لایانەوە زەحمەتتر بێ باوەڕ بکەن پیاوێکی عەمامە بەسەری بوێر بە ئاشکرا لە ڕووی میرێکی ناسراو بە ڕژدی دڵسۆزی بۆ ئیمارەتەکەی و خاوەن سوپایەکی ئامادە بۆ فیداکاری، خیانەتی خۆی ڕاگەیەنێ.

مرۆڤی خائین ئازایەتی ئەوەی نییە خیانەتەکەی ئاشکرا بکا و ئەگەر خەتێ بە فەتواکەی بەرانبەر هەمووان، بە سەرکردە و لەشکر و میللەتەوە وەستابێتەوە و گوێی بە ئەنجامەکەی نەدابێ، ئەوا کارێکی کردووە کە هەر لە پاڵەوانان دەوەشێتەوە کە لە پێناوی پەیامێکی پیرۆزدا ڕۆحی خۆیان بە لاوە بێبەهان یا فیداکارییەک دەکەن کە لە ڕۆح عەزیزترە و لە «ماڵ و منداڵ»ی جوانییەکانی ژیانی دنیا بەهادارترە.

بەڵام خەتێ یەکێ نەبوو لەو سەرکێشانەی لە پێناوی ساماندا یا بۆ پڕکردنەوەی ئارەزووی سەرکێشی، خۆی بخاتە مەترسییەوە چونکە جگە لە لێهاتووی کە بە ناو دەق و پەراوێزدا ئەمسەر و ئەوسەری دەکرد و سیواکێک کە دوای خواردن و پێش نووستن و سەڵاوات، ددانی پێ پاک دەکردەوە، کەرەسەی ململانێ و دەمەتەقێی نەبوو و لە تەمەنێکیشدا نەبوو لە سەرەتای لاوێتیدا بێ و لە پێناوی ملکی دنیادا ئاواتی هێند بەرین بێ ئاینی بۆ بەکار بێنێ. ئەوە، جگە لەوەی کە فەتواکە خۆی لە خۆیدا هەرەسی بە ئاواتی سامانی دنیا دەهێنا چونکە هاودەمێتی ساڵان لەگەڵ میردا، لەو ڕووەوە کە پێشڕەوایەتی کاروباری ئاینی دەکرد و چ لە ڕووی دینییەوە و چ لە ڕووی تەمەنەوە، گەیاندبوویە ئاستی پیری.

خوێنەری هێژا..

ئەگەرچی «حەقیقەت» خۆی لە خۆیدا شەرافەتمەندانەترین ئامانجە کە ویژدانی پاک و هۆشی ڕۆشن بە دوایدا دەگەڕێن، بەڵام بارودۆخی هەمەجۆر تێکەڵی وردەکاری و لێکدانەوەی بەرز دەبن و دەبنە بیانوو یا ناچاری بۆ بێدەنگبوون لە ئاستی هەندێ ڕاستیدا. هەندێ یاسای دنیایی ڕێیان لە بەردەم هەندێ خەڵکی ئاگادار خۆش کردووە باسی هەندێ شت نەکەن کە دەیانخاتە بەردەم تۆمەتبارکردنەوە.

شەرعی ئیسلامیش لە هەندێ بواری جێبەجێکردندا مەودای لایەنگری تێپەڕاندووە «المؤلفة قلوبهم – ئەوانەی بێ ئەوەی باوەڕداری تەواویان هێنابێ بوون بە موسوڵمان»یان بە دەستکەوت ڕازی کردووە و ئەوەش لادانێکی جیاکەرەوەی ڕیزپەڕە لە بنەما بنەڕەتییە بڕیار لە سەردراوەکانی بواری دیاریکردنی ماف و ئەرکدا. تەنانەت خەلیفەی دووەم، دوای جێگیربوونی ئیسلام و نەمانی هۆکاری ئەو یاسایە بۆ دڵڕاگرتن، لە سەردەمی دەسەڵاتی خۆیدا بەتاڵی کردەوە.

منیش لە کونجی ئاسایی ماڵی خۆمەوە ڕێم بە خۆم داوە بەرانبەر تۆمەتێکیی گەورە، کە لەگەڵ باسی تۆمەتبارکردنی خەتێدا سەری هەڵداوە، چەندین ساڵ بێدەنگ بم، ئەوەش لەبەر ڕێزێکی تێکەڵ بە پەرۆشییەک بۆ کەسێک، لە سەرەتای پێگەیشتنییەوە دەردەسەری یەخەی گرتووە تا ئەو دەمەی جگە لە دەربەدەری و نەبوونی، بەخیلی و زمانی بڕندەی بێ بەزەیی و بێ ویژدان و بێ شەرمیش بە دوایەوە بوون و تا مردیش لێی نەبوونەوە. ئەویش خواڵێخۆشبوو حووزنی موکریانی بوو کە هەموو جیهادێکی بۆ کورد بوو کە لە سەرەوەی خۆی و توانایەوە بوو و ڕێیەکی ناخۆشی وزەبەری وای بڕی بۆ چرکەساتێکیش مەودای پشووی نەدا و یەک لوقمەی بەتامی ڕەوا نەبینی و لەو کاتەوە کە لە زێدی خۆی هەڵکەندرا، بە درێژایی ژیانی ماوەیەکیش لە سەر نوێنی نەرم ڕانەکشا و هەر بە تاوێرەبەردێک دەچوو لە شاخێکەوە گلۆر بووبێتەوە و تلیدابێ تا لە ناو گۆڕی مەرگدا، لە

دۆڵێکدا لەنگەری گرتبێ. ڕەنگە چرکەساتی دابڕانی لە ژیان کۆتایی سەفەرێکی بە ئازار و سەرەتای دەربازبوونی بووبێ لە ئازاری ژیان، هەر دەڵێی مەبەستی موتەنەبی لەم بەیتە شیعرەدا ئەوە:

کفی بذلک داء أن تری الموت شفاء
وحسب المنایا ان یکن امانی[3]

ئەو دەردە ئەوپەڕێتی کە پێت وابێ مردن چارەسەرە

هاتنیشی بەدیهاتنی ئاواتە.

من بە هەموو سۆزێکمەوە، تا ئاستی لایەنگری لەگەڵ کوردی دەربەدەری دڵسۆز و خۆبەختکەر دام بۆیە لە باسی بێتاوانکردنی مەلای خەتێدا، تەنانەت بە ئاماژەیەکیش بێ، خۆم لە باسی ئەوە نەداوە کە سەرچاوەی ئەو تۆمەتەی دوای ئەو زانایە کەوت، بۆ دوای بڵاوبوونەوەی ناوەڕۆکی باسەکەی حوزنی موکریانی لە سەر میرانی سۆران و ناوەڕۆکی فەتواکە دەگەڕێتەوە، کە خەتێی خستۆتە تەنگژەیەکی ترسناکەوە. بەر لەوە، هەرگیز نەمانزانیوە نووسەرێک یا قسەکەرێک، نیەتخراپی دابێتە پاڵ خەتێ بەرانبەر میر و دەسەڵاتەکەی جا بە هۆی دینەوە بووبێ یا بە بەهای دنیاییەوە.

لە ڕووی باوەڕی ئاینییەوە، ئەوەندەی پەیوەندی بە مەسەلەی قەومییەوە هەیە، قسەکردن بە قەدەر پەیوەندی بە فەتوای باوەڕەوە لقوپۆی لێ پەیدا دەبن و بە پێی لۆژیکی گوتارەکە کورت دەکرێتەوە. زانا ناودارە دیارەکان بە درێژایی مێژوو، لە فیتنە گەورەکەی کۆتایی خەلافەتی خەلیفەی سێیەم عوسمانی کوڕی عەففانەوە تا ئەو ڕۆژگارەی کە بوون بە خاوەنی قسەی ویستراو لە کاتی پەیدابوونی ناتەبایی و یاخیبوونی یاخی و لادانی لادەر و وەستانەوەیان لە ڕووی دەسەڵاتی شەرعی (کە زۆربەی جار هەڵبەستراو بووە) بەوە ناسراوون کە لە بۆچوونەکانیاندا لایەنگری بەرژەوەندی گشتی بوونە و لەوانەش، نەخێر بەر لە هەموو شتێک لایەنگری یەکێتی موسوڵمانان بوونە.

جا ئەگەر ناڕێکییەکی ئاشکرا لە دەسەڵاتدا هەبووبێ و بیانووی ڕوون بۆ تۆڵەکردنەوە بووبێ، لەبەر نادیاری ئەنجام و ڕێتێچوونی چاکە و خراپەی ڕاپەڕیو هەڵوێستوەرگرتنیان زەحمەت دەبوو و ڕەنگە بەو لایەدا شکاندبێتیانەوە کە بە لای بەرژەوەندی موسوڵماناندا بچێ. ئەوەی ئەم لایەنەش ڕوون دەکاتەوە ئەوەیە، ئەگەر دەسەڵاتی شەرعی ویستبێتی کارێک لە دژی یەکێ لە ڕوکنەکانی شەرع ئەنجام بدا، زاناکان ڕێگرییان کردووە مەگەر لە سەر هەمان بۆچوون بووبن، وەک لە مەسەلەی «خەلقی قورئان»دا ڕووی دا. لەو مەسەلەیەدا، زۆر لە

[3] کە بە دوای ئەو شیعرەی موتەنەبیدا گەڕام ئاوهام دیتەوە:
كفى بكَ داءً أنْ ترَى الموْتَ شافِيَا
وَحَسْبُ المَنَايَا أنْ يكُنّ أمانِيَا

ئەی ئەوەی مام هەژار دەیڵێ بەهێزتر نییە؟

چەپگەردی گەردوون گەڕان کوشتمی
نەزانپەرەستی بۆ نان کوشتمی
هەر چەوسانەوەی بێ حەسانەوە
ئەی مردن لە کوێی ژیان کوشتمی

/وەرگێڕ

زاناکان بە هۆی هەڵوێستی نەگۆڕیانەوە لە سەر کۆنی قورئان سەریان تێدا چوو، وەک کە ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەل کە چەندین ساڵ بەند کرا و ئەشکەنجە درا و سووکایەتی پێ کرا، بەڵام تا ڕەوینەوەی سەرگەردانییەکە وەک شەهیدان خۆڕاگر بوو...

باوەڕیش ناکەین هیچ لایەنێک لە لایەنەکان یا چینیک لە چینەکان هێندەی خەڵکە ڕۆحانییەکان کە باوەڕی بتەویان بووە، نرخی باوەڕی دابێ. ئەوەش بەڵگەنەویستە و لە باوەڕەکەیانەوە بە غەیبی پیرۆزی مەلەکووت و بیرۆکەی پاداشت و سزای هەمیشەییەوە سەرچاوە دەگرێ و بەرپەرچی بیرۆکەی غەیبیش بە واهیمە نادەنەوە و لەوەشدا کە کەس لە خەڵکی ئاسایی نەتەوەکان وەک قوربانییان لە پێناوی ئایندا داوە، لە خۆڕا بۆ مەبەستی دنیایی نەیانداوە و عیلمانییەکانیش بەرپەرچی ئەوە نادەنەوە. ئەگەر باوەڕی ڕەهای بە ئاینەکەی نەبوایە، پێش هەزار ساڵ، خۆی نەدەخستە مەترسییەوە و بە زەریا و وشکاندا، ئەمسەر و ئەوسەری دنیای پەی نەدەکرد بۆ ئەوەی بە دەوری کەعبەدا بخولێتەوە یا دەست بە بەردی قودسدا بێنێ.

بە هەرحاڵ، مەترسی باوەڕ بابەتی دەمەتەقێ نییە و تەنانەت بیرۆکەی سیاسەتیش هەتا نەبێتە ئایدۆلۆژیا، نابێتە هۆکاری قوربانیدان.

باوەڕ بە شێوەیەکی گشتی لە بەردەم گۆڕانکاری و لاوازی و بەهێزیدان و لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیماندا مەگەر بە دەگمەن دەنا نەبووە ئاین بە تەنها دەسەڵاتداری دنیایی هەبووبێ و زۆرینەی زانا دینییەکان لە دەسەڵات دابڕاو بوونە بە تایبەتی بە پێی باوەڕی «ئەشعەر»ییەکان، بە دەگمەنیش زاناکان بە دەوڵەمەندی ژیاوون. گەڕانەوەی سوڵتانەکانیش بۆ ڕای زانا ئاینییەکان لە بارەی گۆڕانکارییە ئاساییەکان، لەگەڵ تێپەڕبوونی سەدەکاندا کەم بووەوە و «یاسای مرۆڤکرد» (القوانين الوضعية) خزایە ناو جۆرەها ئاڵوویرەوە. لە دامەزراندنی قازییە ڕەسمییەکانیشدا شتی وایان دۆزییەوە، بە دەگمەن نەبێ، لە دەرەوەی بازنەی دەزگای یاساییدا پرس بە زانا ئاینییەکان نەکەن. ئیدی چاوەڕوانی ئەوە دەکرا قازییەکان، کە لە دەسەڵاتەوە نێزیک بوون بەرژەوەندی وڵات ڕەچاو بکەن، وەک توێژەرە کۆمەڵایەتییەکانی تری وڵاتە عیلمانییەکان کە بۆ ئەوە هەن بیانوو بۆ بۆچوونی ڕەسمیی دەوڵەت بهێننەوە و لەو قازییانە گوێڕایەڵتریشن، کە بەرانبەر دەسەڵاتی ڕۆژگار، حیسابیان بۆ بەربەستی غەیبی و دینی دەکرد و لە بیانووهێنانەوەدا ئازاد نەبوون.

لە بەر ڕۆشنایی ئەم زانیارییە گشتییە زانراوانەدا کە دەرگای ڕێتێچوونی تەمای دنیا لە کاروباری دەوڵەت و دژوەستانەوەی دەکرێتەوە، وا دەکا بڵێین وەستانی خەتێ شانبەشانی میری ڕەواندز لە دەرنەکردنی فەتوادا، لە واقیعەوە نزیکترە دەنا دەبێتە سەلەفییەکی وشکی وابەستە بە دەقی ناباو و بە سەر بەرژەوەندی ڕەواندزیشدا باز دەدا و لە بەر بەرژەوەندی سەرجەمی موسوڵمانان کە تەنها لە سەر کاغەز بووە، بەرژەوەندی خۆی وەک سەرچاوەی فەتوا وەلا دەنێ.

بەڵام لە واقعی کاردا ئەوانە هەموو پەکخراوون و بە چاوپۆشین لەوەی فەتواکە بە ویستی میر و بە هۆی بارودۆخێکی سەرووی دەسەڵاتەوە بووە، خەتێ بەخۆشی لە ڕووی شەرعەوە و بە پێی گوێڕایەڵی، زانیویەتی دەبێ لە چ کاتێکدا بە ئارەزووی دەسەڵات بکات و وای لێ بێ لەوە باڵاتر بێ کە ڕواڵەت و ناوی شتەکان پێی دەبەخشن. بەدکاری سوڵتانەکان و لادانیان لە شەرع لێی شاراوە نەبوون. دڵەڕاوکێی زاناکان لە نزیکبوونەوە لەو موعامەلاتانەی دەوڵەت دەستی تێیاندا هەبوو گەیشتبووە ئاستێک مەگەر هیچ چارەسەر نەبوایە دەنا خۆیان نزیکی نەدەخستەوە، بیانووشیان تەنها لەوەدا دەدۆزییەوە کە نزیکبوونەوە لە دەسەڵات تاکە ڕێیەک بووە بۆ بەرژەوەندی و خۆلادان لە بەڵای مسۆگەر. ئەگەر ئەو بەرژەوەندییە کوشندەیەش نەمابا، دەچوونەوە مزگەوت و

خوێندنگاکانیان بە خوێندن و وانەگوتنەوە گۆشەگیر دەبوون و چ پەیوەندییان بە سوڵتان و دەسەڵاتداری سەردەمەوە نەدەما.

شوێنەواری ئەو خۆپارێزییەی زاناکان و باوەڕنەبوونیان بەو کارانەی کە دەسەڵات ئەنجامیان دەدا ئێستاش لەوەدا دەردەکەوێ کە خەڵکەکە بە شێوەیەکی گشتی دڵیان بە مارەبڕینی دادگا داناکەوێ و هەر دەبێ مەلایەکی مزگەوت مارەبڕینەکە ئەنجام بدات و وەک هەر بەڵگەنامەیەکی حکوومەت لەو مارەبڕینەی قازی دەڕوانن کە بۆ دواڕۆژ لە بەرپرسیارەتی دوور بکەونەوە، وەک پسوولەی ئاو و کارەبا. پەنابردنیش بۆ ملکەچکردن بۆ دەسەڵاتیش یا بە بیانووی بەرژەوەندییەکی تایبەتی یا خۆلادان لە مەترسییەکی مسۆگەر، تاکە شوێنەواری بەکەڵکە کە لە پاکژی ملکەچکردن بۆ فەرمانی عەلی کوڕی ئەبو تالیب و عەمەری کوڕی عەبدولعەزیز ماوەتەوە. ڕەحمەتی خوا لەوان و لەوانەش بێ کە وەک ئەوان، لە سەردەمی خۆیاندا ڕێڕەوی شەرعیان گرتبووە بەر. زاناکانیش بۆ جێبەجێکردنی ئەو بنەمایە ئەوەندە دیدیان فرەوان نەبووە تا بیانووی زوڵم و شەڕ بە خۆوە بگرێ. لە مێژووی زۆر نزیکماندا دوو نموونە هەن، دەمەوێ بە بیری خوێنەرانیان بهێنمەوە و دوور نییە بیرهێنانەوە بە کەڵکی باوەڕداران بێت.

دوای بۆردومانی ناوچە کوردییەکان لە 1961/09/11 دا عەبدولکەریم قاسم داوای لە زانا ئاینییەکانی کۆیەی کرد لەو کارەیدا پشتگیری بکەن و ئەوانیش پرسیان بە من کرد. منیش دیتم ویژدانیان، بە بێ دەربڕینی بۆچوونی من یا کەسی تر، ئەو داوا ڕەسمییە بە گردەبڕی ڕەت دەکاتەوە. ئیتر ماوەی چەندین مانگ کە لە سەریان قورس کەوتەوە، برانە بەندیخانە و دوور خرانەوە و نانیان بڕا و تۆمەتی وا بۆ هەندێکیان هەڵبەسترا کە ملیانی لە پەتی سێدارە نزیک خستەوە...

نموونەی دووەمیش ئەوە بوو سەلام عارف لە ناوەڕاستی شەستەکاندا بۆنەیەکی ئاینی ڕێک خست و زۆرینەی زانا کوردەکانی بۆی بانگهێشت کرد و جۆرەها بەڵێنی لەخشتەبەری بەو هیوایە پێ دان، کە لە کاروبارە گشتییەکاندا، بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە ناوچە کوردییەکانەوە هەبوو، لایەنگری بن، بەڵام دوای خوێندنەوەی ئەو هەموو خیتابە، گوێی لە یەک وشەی لایەنگری نەبوو و تەنانەت حاجی مەلا ساڵحی خەڵکی کۆزەپانکە پەنجەی هەڕەشە و ئاگادارکردنەوەی بەرانبەری بەرز کردەوە و گوتی: هەر دڵۆپە خوێنێک کە لەم وڵاتەدا دەڕژێ، تۆ لە ڕۆژی قیامەتدا لێی بەرپرسیت.

ڕەنگە دووبارەکردنەوەی ئەو قسەیەش کەڵکی هەبێ کە جیاوازی هەڵوێستی ئەهلی دین و ئەهلی دنیا لە یەک بارودۆخدا، خەڵکێکی بێشوماری ڕۆشنبیران و شەهادەداری سەر بە ئایدۆلۆژیا سیاسییەکانی کورد لە ساڵی 1961دا بوون بە لایەنگری عەبدولکەریم لە کاتێکدا زانایانی ئاینی کۆیە، لە بەندیخانەدا بەرەورووی چارەنووسی نادیار دەبوونەوە. یەک چرکەسات لەوە دوودڵ نیم کە هەڵوێستی زاناکان بۆ نارەزایی، لە سەر بنەمای ئاینی هەڵچندرابوو. هەندێ لەوانەم دەناسین کە لە فەتوادان بۆ مەسەلەی تەڵاق و کاروباری ڕۆژانەدا، لە سەر بنەمای بۆچوونی هەندێ لە «سەلەف»ـەکان توند نەبوون...

جا بە باوەڕی من، هەڵبژاردنی شێوازی داڕشتنی فەتواکە لە لایەن «خەتێ»وە، گەڕانەوەیەتی بۆ فەرمانی ناچاری کە پەیڕەویکردنە لە فەرمانی سوڵتان، ئەوەش بۆ ڕێگری لە بەڵای گەورە. ئەوە ڕوون بوو کە میر مەیلی بە لای تەبایی و ئاشتەواییدا دەچوو و باوەڕ ناکرێ هۆکارەکەی لە کەس شاراوە بێ تا لە میر شاراوە بووبێ.

کاتێ دەڵێم «موکریانی»ی خوالێخۆشبوو لە کتێبەکەیدا لایەکی ئەو بارودۆخ و ڕووداوانەی باس کردووە کە پەیوەندییان بە فەتواکەوە هەبووە و تیشکی تەواوی خستۆتە سەر وردەکارییەکانیان بۆ ئەوەی بینەری بێلایەن

بەرپرسیارەتی زیادە نەخاتە سەر خەتێ، دڵم زۆر خۆش دەبێ، ئەگەرچی زمانی موکریانی و شێوازی باسکردنەکە نیەتی ناوزڕاندن و دوژمنایەتی لێ دادەچۆڕێ.

کاتێ لە کتێبەکەی موکریانیدا باسی چەند شەڕێکی خوێناوی دەخوێنینەوە کە پێش گردبوونەوەی سوپای عوسمانی لە نزیک ڕەواندز ڕوویان داوە، دەبێ هەر لە سەرەتاوە ئەو بارودۆخە تێبگەین کە پێش فەتواکەی خەتێ لە ئارادا بووە و لە هەموو شەڕەکانیشدا سوپاکەی میر لە دژی سوڵتانی موسوڵمانان‌دا شەڕی کردووە. ئەگەر بەرەوڕووبوونەوەی سوپای سوڵتان هۆکاری کافربوون و تەڵاقکەوتن بووبێ — و ئەگەر خەتێش باوەڕی پێی بووە و لە سەری سوور بووە - بۆچی لەو هەموو شەڕ و هەرایەی کە پێشتر ڕوویان دا و هەموو جارێکیش لەشکری عوسمانییەکان تێکدەشکا، لەگەڵ ئەوەشدا پێداویستی شەرعی لە ئارادا بووە، فەتواکەی دەرنەکرد و چەندین مانگ کڕ بوو تا ئاگر لە لانەی شێرەکە نزیک کەوتەوە؟

ئەوەشی زیاتر هۆی بێدەنگی خەتێ ڕوون دەکاتەوە کە نەیویستووە زەرەر بە میر بگەیەنێ ئەوەیە سوڵتان مەحموود بە ناوی خەلافەتی ئیسلامییەوە فەرمانێکی هەمایۆنی[4] بۆ مەلا یەحیا مزووری و مەلا محەمەدی خەتێ و مەلا عزرائیلی جزیری نارد (لاپەڕە 64 — 65ی *«کورتەی مێژووی میرانی سۆران»*، وەرگێڕانی محەمەدی مەلا کەریم) ئەوە باشترین دەرفەت بوو لە کاتی گڵپەسەندنی شەڕی نێوان میر و سوپای سوڵتان فەتوا بدات، ئەگەر بیویستبا تاکلایەنە لە دژی میر ئەو فەتوایە بدات و چ جیاوازیش نەدەبوو بە نیەتی خیانەتکاری ڕەها بوایە یا باوەڕی پەتی، چونکە پەیامە هەمایۆنییەکە ڕێی بۆ نیەتی خیانەتکاری و باوەڕداری وەک یەک خۆش دەکرد، بە یەک جیاوازییەوە لە نێوان هەردوو حاڵەتەکەدا ئەوەش ئەوەیە خیانەت ئازایەتی ئاشکراکردنی تێدا نییە مەگەر کۆنەقین و حەزی تۆڵەکردنەوە، کە هەموو سنوورێک دەبەزێنن، کەڵەکە بووبن، ئەوەش خەیاڵی خەیاڵە.

یەکێ لە چاکەکارییەکانی موکریانیی خوالێخۆشبوو لە کتێبەکەیدا «میرانی سۆران» ئەوەیە بە وردی و بە زنخیرە باسی ئەو شەڕانەی کردووە کە لە نێوان سوپاکەی میر و سوپای عوسمانیدا ڕوویانداوە و سوپای میری ڕەواندز لە بەرەوە بەرەو دەوری ڕەواندز، بۆ شەڕی یەکلاکەرەوە کشاوەتەوە و ئەنجامیش بۆ کورد یەکێ بووە لەم دووە: یا لەناوچوونێک کە ڕەواندز تێیدا ڕاستبوونەوەی بە خۆیەوە نەدەدیت، یا سەرکەوتنێک کە تا ماوەیەک شکستی لێ دوور دەخاتەوە و لەمەیاندا، ڕێی تێ دەچوو لە پاشەڕۆژدا، بە شێوەیەک لە شێوەکان مەترسی برەوێتەوە و بۆ ڕاستبوونەوە و سەرکەوتن، بە شێوەیەک لە شێوەکان، مەودای هیوا پەیدا ببێ.

ئەوە دەڵێم چونکە دڵنیام و تۆش دڵنیایت کە تێکشکانی سوپای عوسمانی لەو شەڕەدا شکستی دەوڵەتی عوسمانی نەدەگەیاند. لە زۆر شەڕی گەورەدا دۆڕا و تێکیشنەشکا، بەڵام ئەگەر بە پێوانەی نێودەوڵەتی بەرینیش تێکشکان نەبوایە، بە پێوانەی ئەوپەڕی ئامادەکاری هەردوو لا تێکشکان دەبوو. بەڵام ئەگەر خوێنەر بیەوێ ئاگاداری هەموو لایەکان بێ، پێویستە بۆ لاپەڕە 60 و دواتری کتێبەکەی موکریانیی خوالێخۆشبوو بگەڕێتەوە و بۆ سەرچاوە مێژووییەکانی تریشی نانێرم چونکە فەتواکە لە ڕێی ئەو کتێبەوە بووە هۆی ناوزڕانی مەلای خەتێ. پێش ئەو کتێبە، سەرچاوەیەک شک نابەین باسی ئەوە بکا فەتواکە بە هۆی کرێگرتەییەوە یا ناکرێگرتەییەوە بووبێ و مەبەستی خراپەکاری بووبێ بەرانبەر میر و حکوومەتەکەی.

---

[4] هێڵی هەمایۆنی، یاسایەکی عوسمانییەکان بوو، سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەم،ساڵی 1856 بۆ ڕێکخستنی کاروباری پەرستگای ناموسوڵمانەکان لە هەموو ولایەتەکانی سەر بە عوسمانییەکان داینا و ئیدی پێڕەوی لێ دەکرا - وەرگێڕ

لە نووسینەکەی موکریانیی خوالێخۆشبوودا بە دوای ڕووداوەکان دەکەوین، لەوانە بابەتی فەتواکە. دەبینین لە لاپەڕە 66 دا، لەگەڵ خۆیدا دەکەوێتە جۆرە شڵەژان و ناتەباییەکەوە، بنەماکەشی - بە باوەڕی من - ئەوەیە کە ڕووداوەکان بۆ تاوانبارکردنی خەتێ بە گوێرەی دڵی نووسەر نەبوونە. لە بارەی شەڕی «زاب»ـەوە دەڵێ:

*«بە ڕاستی کوردەکان، بە ئازایەتییەکی بێوێنەوە شەڕیان کرد و وەک پڵنگی تووڕە پەلاماریان دەدا، بەڵام زانا و خوێندکارە ئاینییەکان وەک خۆرە لە بناغەی کاروبارەکانیان دابوو و مادام میریش بە بێ فەتوای زاناکان دەستی بە ئاودا نەدەکرد، شەڕکردن لەگەڵ تورکەکاندا کارێکی بێ ئەنجام بوو. تۆپەکان بەردەوام بوون و شەویش دەنگیان نەبرا. مستەفا پاشاش کە پێشتر بیری لە پێشڕەوی کردبۆوە، بەڵام بە ناچاری تاریکانی شەو کشایەوە و هەرچۆنێ بوو لە ڕووبارەکە پەڕییەوە و بەرەو موسڵ ڕای کرد و دەستکەوتێکی زۆر بۆ کوردەکان مایەوە و بەرەو حەریر کشانەوە».*

ئەگەر سوپای کورد وەک پڵنگ شەڕیان کردبێ و دوژمن بۆ ڕاکردن تاریکییان کردبێتە پەنا و دەستکەوت و کەرەسەیان بە ئاسانی بۆ جەنگاوەری کورد جێ هێشتبێ، ئیتر چ خۆرەیەک بە هۆی دینەوە لە بناغەی کاروباری داوە؟

ڕاستی مەسەلەکان خۆی بە قسە دێ و میر لەو شەڕەدا چی بکرێ کردوویەتی و سەرکەوتنێکی وای بە دەست هێناوە، کە پێشتر لە شەڕی دژی عوسمانییەکان بە دەستی نەهێناوە. ئەوەی بیەوێ گەمە بە ڕووداوەکان بکا، دەڵێ فەتوای هەندێ لە زاناکان بۆ شەڕکردن لە دژی عوسمانییەکان، بووە هاندەری جەنگاوەرانی کورد بۆ خۆبەختکردنی زیاتر، بەڵام ئەوە شێواندنە و فەتواکەی دواتر کە بۆ شەڕنەکردن بوو لە دژی سوڵتان، بەرپەرچی دەداتەوە. پێویستمان بەوە نییە هۆکار دابهێنین، چونکە هەر لە نووسینەکەی خوالێخۆشبوو موکریانی خۆیەوە ڕاستییەکان بەدەست دێنین ئەگەر بە پێی لۆژیک مەسەلەکان تاوتوێ بکەین. موکریانی خۆی دەڵێ کە:

*«دوای گەڕانەوەی سوپای کورد بەرەو حەریر و گەیشتنی مستەفا پاشا، دوای تێکشکانەکەی، بۆ موسڵ، فەرمانێکی هەمایۆنی ساختەی بۆ مەلا محەمەدی خەتێ نارد و هەندێ ئایەت و حەدیسیشی بۆ میری گەورە، بە مەبەستی خەڵەتاندنی، خستە نامەیەکەوە..»*

پێش ئەوەی بە خوێندنەوەی کتێبەکەی موکریانیدا ڕۆبچین، پێویستە ئاگاداری دوو شتی زۆر گرنگ بین کە نابێ پشتگوێ بخرێن. یەکەمیان، دوای ئەوەی کە زانیمان سوڵتان سوڵتان مەحموود پەڕاوێکی هەمایۆنی بە ناوی خەلافەتی ئیسلامییەوە بۆ هەر یەکە لە مەلا یەحیا مزووری و مەلا محەمەدی خەتێ و مەلا عزرائیلی جزیری ناردبوو، هیچ پێویست نەبووە فەرمانی هەمایۆنی ساختە بۆ خەتێ دروست بکرێ. دووەمیان، مستەفا ڕەشید پاشا نەیویستووە میر بخەڵەتێنێ چونکە موکریانی خۆی دواتر دەڵێ: «ڕەشید پاشا، پێش مردنە کتوپڕەکەی، هەموو بەڵێنەکانی خۆی گەیاندنە جێ». کەوابێ میر، نەفامانە هیچ فێڵێکی بە سەردا تێپەڕ نەبووە.

- دەکرێ لە دوای گەڕانەوەی میرەوە بۆ ڕەواندز، ئەم بابەتانە لە قسەکانی موکریانیدا بە ڕیزبەندی کورت بکەینەوە:
- یەکەم: مەلا بە پەلە فەرمانە ساختەکەی بڵاو کردۆتەوە کە شەڕ لە دژی سوڵتانە عوسمانییەکان زەرەری بۆ دین و هاوسەرگیری هەیە.

- دووەم: میر ئەحمەد، برای میری گەورە، لەگەڵ مەلای خەتێدا بوو بە هەرایان و خیتابی دا کە خەڵکەکە یا بۆ شەڕی عوسمانی دوای میر ئەحمەد بکەون، یا بچنە پاڵ مەلا. ئیتر چ ئەفسەر و سەرباز هەبوون چوونە لای میر ئەحمەد، مەلا و فەقێکانیش چوونە پەنای میری گەورە و مەلای خەتێ.
- سێیەم: میر گەڕایەوە بۆ ڕەواندز و سوپاکەی کۆ کردەوە، میر ئەحمەدیش لەگەڵ سێ هەزار جەنگاوەردا لە حەریر مایەوە.
- چوارەم: مستەفا ڕەشید پاشا لە موسڵەوە و «عەلی پاشا»ی والی بەغدا، هەر یەکە و بە سوپایەکەوە بەرەو ناوچەی هەولێر و ڕەواندز هاتن...
- پێنجەم: کاتێ مستەفا ڕەشید پاشا لە ئاکرێوە بەرەو ڕەواندز دەچوو، فەرمانێکی هەمایۆنی ساختەی بە زمانی عارەبی بۆ میر نارد و تیایدا بەڵێن و دڵنیایی پێ دەدا.
- شەشەم: دوای گەیشتنی فەرمانەکە، میر سەرکردە سەربازییەکانی کۆ کردنەوە و بانگی مەلای خەتێشی کرد... سەرکردە و سەربازەکان، هەموویان گوتیان چوونی تۆ بۆ لای سوڵتان تەنها دوای مردنی ئێمە دەبێ. مەلای خەتێش هەستا و خوتبەی دا و ڕایگەیاند یاخیبوون لە سوڵتان کوفرە و ئەوەی لێی یاخی بێ هاوسەرەکەی لێ حەرام دەبێ. ئەوەش کاریگەری لە سەر دەروونیان هەبوو و میریش خۆی دا بە دەستی سوڵتانەوە.
- حەوتەم: مستەفا ڕەشید پاشا وردە وردە نێزیک بووەوە تا لە ئەنجامدا لە دەشتی سۆران خێوەتی هەڵدا و نامەی بۆ میر و بۆ خەتێ نارد و دڵنیای کردن و بەڵێنی ئەوەشی دا سەرلەنوێ دەسەڵاتی سۆران بداتەوە دەستی و بیکا بە «میری میران» و پلەی پاشایەتیشی بداتێ.
- هەشتەم: مەلای خەتێ بڕیاری دا میر بۆ دیتنی مستەفا ڕەشید پاشا بچێ و ئەو هەواڵەشی بۆ نارد.
- نۆیەم: میر، لە جێی خۆی، دەسەڵاتی ڕەواندزی دایە دەست میر ئەحمەدی برای و کردی بە دەسەڵاتدار. خۆشی لەگەڵ خەتێ و هەندێ سەربازدا چوونە سەربازگەی سەرکردە عوسمانییەکە و بە گەرمی پێشوازی لێ کرا... مەلای خەتێش بە شەرەفی سوێندی خوارد کە میر بە شکۆوە دەکاتەوە بە دەسەڵاتداری مەملەکەتەکەی خۆی.
- دەیەم: پاشا فەرمانی لێبوردنی سوڵتان مەحموودی بۆ دەرکرد و پلەی «میری میران» و پاشایەتی پێ دا و ئەویش ئیزنی خواست تا بگەڕێتەوە بۆ ڕەواندز.
- یانزەیەم: مسەفا ڕەشید پاشا، بۆ بەدبەختی لەو ڕۆژانەدا مرد و عەلی ڕەزا کە ناحەزی سەرسەختی مستەفا پاشا بوو، والیی بەغدا بوو، هەواڵی بۆ ئەستانە نارد کە گەڕانەوەی میر بۆ ڕەواندز دەبێتە هۆی لەناوچوونی عیراق.
- دوانزە: میر لە ئەستانەوە، بەرەو تەرابزۆن بەڕێ کەوت و سوڵتان فەرمانی دەستگیرکردنی بە والی شارەکان دا و دەستگیر کرا و لە تەرابزۆن، شەو ئیعدامیان کرد.

ئەگەر سەرپێیی، بەڵام نەختێ بە وردی تەماشای ڕووداوەکان بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە ناشێ بەو ڕیزبەندییەی سەرەوە بووبن. پێشخستن و دواخستنی وایان تێدان کە لە کەس شاراوە نین و لە دوو بابەتی گرنگیشدا ناڕوونی هەیە:

یەکەمیان، گەڕانەوەی میر بۆ ڕەواندز لە دوای سەرکەوتنەکەیدا لە شەڕی زاب و پاشەکشێی مستەفا ڕەزا بەرەو موسڵ لە وردەکاری گێڕانەوەکەی موکریانیدا لێکدانەوەیان نییە. تەنانەت هەوڵیشی نەداوە لە ڕێی ئەو فەرمانە

ڕاست و ساختانەشەوە کە لە کتێبەکەیدا باسی کردوون، بیانووی وەها بهێنێتەوە لەگەڵ باوەڕی خۆیدا، ئەگەر بە ڕواڵەتیش بێ، بگونجێ.

ئەو پەڕاوە هەمایۆنییەی سوڵتان مەحموود بە ناوی خەلافەتی ئیسلامییەوە دەریکردووە، پێش شەڕەکەی زاب بوو و ناکرێتە هۆی ورەبەردانی کورد، کە وەک «موکریانی»ی خوالێخۆشبوو دەڵێ، سەرکەوتنێکی مەزنیان بە دەست هێنا و دەستکەوتێکی زۆریان بوو. فەرمانە هەمایۆنییە ساختەکەش کە مستەفا ڕەشید پاشا بۆ خەتێی نارد و نامەیەکی بە ئایەتەوە بۆ میر لەگەڵدا بوو، دوای گەڕانەوەی میر بوو بۆ ڕەواندز، بۆیە ناکرێ ڕۆڵی لە بڕیاری گەڕانەوەی میردا بووبێ.

ئەی دەبێ چی وای کردبێ بڕیاری ئەو گەڕانەوە چاوەڕواننەکراوە بدات؟ ئێمە ڕاستی وابەستەی ئەو کارە گرنگەمان لە بەر دەستدا نییە بەشی دڵنیابوون بکات و باوەڕهێنانیش بەوە قورستر دەبێ کە میر بە بڕیاری گردەبڕی شەڕەوە گەڕایەوە ڕەواندز بەڵگەش ئەوەیە: «لە هەموو لایەکەوە سوپاکەی کۆ کردەوە» — لاپەڕە 67ی کتێبی *«میرانی سۆران»*.

چۆڵکردنی قووڵایی ستراتیژی کە مەیدانی بەربەرینی بۆ هێرش و پەلاماردان دەگرتەوە و کۆکردنەوەی هێز لە ناوچەیەکی بەرتەسکدا کە وای کرد تەنها دوو هەڵبژاردەی لە بەردەمدا بمێنن:

- یا شەڕکردنێک کە ڕێی تێ دەچوو فەوتانی بە دوودا بێ،
- یا ڕاکردن بەرەو چارەنووسی نادیار.

ئەم هەڵبژاردنە، لای من پرسیارێکی بێ وەڵامە و دوای ئەوپەڕی چاوپۆشیکردن ئەوە دەمێنێ گردبوونەوە لە پەرشوبڵاوی چاکتر بێ بەو هیوایەی دوای کورتبوونەوەی مەودای ناتەبایی نێوان هەردوو لا، لەگەڵ سوڵتاندا بە ئەنجامی نزیکبوونەوە لە یەکتر بگات.

ڕەنگە بگونجێ هۆکارێکی تر بخرێتە سەر هۆکارە باسکراوەکانی سەرەوە ئەویش ئەوەیە زانیبێتی حافز عەلی پاشای والیی بەغدا، بە سوپایەکی گەورەوە، بۆ پشتگیریکردنی مستەفا ڕەشید پاشا ڕووی لە هەولێر کردووە، ئەگەرچی ئەوەش دەچێتەوە سەر سەرجەمی تواناکانی سوڵتان بۆ پشتگیری سەرکردەی هەڵبژاردە، مستەفا ڕەشید و ئەوەش بەشێکە لە هۆکارێکی گەورەتر، لەگەڵ سەرنجدانی جێی ستراتیژی هەولێردا کە هەموو شەڕێکی میر دەیکا، لە لای ڕۆژاواوە شکست دێنێ.

چاکتر وایە دەست لەو پرسیارە هەڵگرین چونکە ئاڵۆزە، ئەگەرچی لەگەڵ ڕووداوەکانی ناو کتێبەکەی موکریانیدا یەک ناگرێتەوە و خۆبەخۆ بۆ ڕیزبەندکردنەوەی جیا ئامادەیە و چۆن هەڵە لە قسەی کەسێکدا هەیە کە بڵێ دوای بەڕێوەچوونی جەژنی ڕەمەزان مانگی ڕەمەزانمان مسۆگەر کردووە، ئەم هەڵەیە بە دواکەوتنی جەژن بۆ دوای مانگی ڕەمەزان نامێنێ و بە هەمان شێوە، ڕیزبەندکردنی ڕووداوەکانی کتێبەکەی موکریانی بەم شێوەیەی خوارەوە، هەڵەکان وەلادەنێ:

- یەکەم، فەرمانی هەمایۆنی بۆ مەلا یەحیا و خەتێ و عزرائیل دەرچوو بێ ئەوەی کاریگەری هەستپێکراوی لە هەڵوێستی کوردەکان بووبێ، بەڵگەی ئەوەش ئەو حەماسەتەیە کە لە شەڕی زابدا نواندوویانە، لەگەڵ ئامادەیی میر بۆ شەڕ لە دوای ئەو سەرکەوتنە. بە پێی زانیاری من بۆ

بەدەنگەوەچوونی ئەو فەرمانە هیچ یەکێ لەو زانایانە ئەو فەتوایەیان نەدا و کتێبەکەی موکریانیش ئاماژەی بە شتی وا نەداوە.

- دووەم، لەبەر هۆیەکی نادیار، میر لە دوای شەڕی زاب بڕیاری گەڕانەوەی بۆ ڕەواندز دا و هیچ ڕێگرێکیش بۆ ئەوە نییە کە بڵێین ڕێی تێ دەچێ مستەفا ڕەزا پاشا باسی بەڵێنەکانی بۆ میر کردبێ و باوەڕی پێ هێنابێ دەست لە شەڕ هەڵگرێ و نامەگۆڕینەوە پێش شەڕی زاب بە چ ئەنجامێک نەگەیشتبێ و ئەو بەڵێنانە لە حیسابی میردا چووبێتنە خانەی دڵنەواییەوە. لێرەدا سەرنجی ئەوەش دەدرێ کە شەڕەکانی میر لەگەڵ میرە کوردەکان یا ئەوانەی سالانی پێشتر لێی یاخی دەبوون ئەوەی نەدەگەیاند بەرەو ڕووی سوڵتان بوەستێتەوە چونکە هەڵوێست لە شەڕی زاب و دوای شەڕەکە کە خۆئامادەکردن بوو، ڕەهەندی سیاسی قووڵی هەبوو کە پێشتر لە ئارادا نەبوون بۆیە جێی سەرسوڕمان نەبووە میر خۆی لە هەڵوێستی ڕووبەڕووبوونەوەی یەکلاکەرەوە لادابێ و گەڕانەوەی بۆ ڕەواندز ئەوەی گەیاندبێ کە خۆی لە یەکلابوونەوە لەگەڵ سوپای سوڵتاندا بواردبێ.
لێرەدا چ کەڵکی نییە ڕەخنە لە هەڵوێستی میرە کوردەکان بگرین، کە میری سۆران یەکێکیان بووە، لەوەی کە گوێیان بە هەبوونی سوڵتانی دەسەلاتدار نەداوە و چەندین ساڵیان بە شەڕی ناوخۆی کوشندە بەفیڕۆ دا، تازە کار لە کات ترازا. ئەو واقیعەی کە پشتگوێیان خستبوو، لەو ڕۆژە ناخۆشانەدا خۆی سەپاند و ئیتر بۆ میر مەحاڵ بوو خۆی لێ بدزێتەوە، سەرکەوتن دوورەدەست بوو و هیچ ئاماژەیەکی پشتگیریش لە شای ئێرانەوە نەبوو. تەنانەت ئەوەی لە ئیماراتە کوردییەکانیش مابوونەوە، ئاوڕیان لەو مەینەتە نەدایەوە کە بەرۆکی گرتبوون و نۆبەتی هەموانیش دەهات.

- سێیەم، سوپای عوسمانی بەرەو ڕەواندز کەوتە خۆ و مستەفا ڕەزا پاشا فەرمانە هەمایۆنییە (ساختە!)کەی بۆ مەلای خەتێ نارد و نامەیەکیش بۆ میر کە پڕی کردبوو لە ئایەت و حەدیس و بەڵێن و سوێندی گەورە... ئەوەش ئەو کاریگەرییەی هەبوو کە بۆچوونی لایەنی کوردی کردە دوو بەشەوە:
  - میر، بەو حیسابەی لە خراپترین حاڵدا یەکێ لە دوو خراپ، شەڕکردن و پەنابردن بۆ بەڵێن و دڵنیاییەکانی مستەفا ڕەزا پاشا هەڵدەبژێرێ، بۆیە تای ئاشتەوایی بە دانانی میر ئەحمەدی برای لە جێی خۆی لە ماوەی سەفەرەکەیدا بۆ ئیستەنبوڵ، قورس کرد و هەر وەهاشی کرد.
  - بۆچوونی دووەم، لە هەڵوێستی میر ئەحمەددا بەرجەستە بوو کە لە دژی سەفەری میر بوو بۆ ئیستانبوڵ، کاتێکیش.

هەردوو بۆچوونەکە خرانە بەر پێوانەکاری سوپا شانی ئەحمەد پاشای گرت، میر و خەتێش، لەگەڵ ئاشتەواییدا بوون...

قسەی موکریانی لە بارەی ناتەبایی بۆچوونی ئەحمەد پاشا و خەتێوە لە سەر ئاشتەوایی، لەگەڵ «لاوک»ێکدا ڕاست دێتەوە کە مامۆستا عەبدولفەتاح عەلی یەحیا لە بەشی سێیەمی گوتارەکەیدا «هێرشی عوسمانی بۆ سەر کوردستان و ڕووخانی ئیمارەتی سۆران» کە لە کاروانی ژمارە 54ی ساڵی

1987 به بەڵگە هێناویەتییەوە و وەرگێڕانی گوتارەکە لە لاپەڕەی 143ی گۆڤاری ناوبراودا بڵاو کراوەتەوە.

لاوکەکە دەڵێ: خەتێ کۆنگرەی خۆی بەست و لە قسەی خۆی پاشگەز نابێتەوە.. زیاتر لە سەری دەڕوا و دەڵێ: گۆرانییەکە بەردەوام دەبێ و دەڵێ کە میر دوای ئەوەی خۆی بە دەستەوە دا، خەڵکەکە، مەلای خەتێش یەکێ بوو لەوان، لە خوا دەپاڕانەوە و هانایان بۆ شێخ عەبدولقادری گەیلانی دەبرد میر بە سەلامەتی بگەڕێتەوە. با سەرنجی ئەوەش بدەین کە گۆرانییەکە لەو بەشەدا کە لە ژمارەی ناوبراوی گۆڤارەکەدا بڵاو کراوەتەوە باسی هاوڕایی خەتێ و میری گەورە ناکات و بە یەک وشەش خراپەی خەتێ ناڵێ.

- چوارەم، دوای ناکۆکی نێوان میریی گەورە و ئەحمەدی برای لە سەر قەبووڵکردن و نەکردنی پێشنیازەکانی مستەفا ڕەزا پاشا، ڕێک کەوتنەوە و هاوڕا بوون، ئەگەرچی موکریانی ڕاستەوخۆ ئەوە ناڵێ بەڵام بەپێی پێویستی بارودۆخەکە و ڕەوتی ڕووداوەکان، بەپێی قسەی موکریانی خۆشی، میر خۆی، یەکەم جار ئەحمەد پاشای برای لە جێی خۆی داناوە ئەوجا لەگەڵ خەتێدا چۆتە ئۆردووەکەی مستەفا ڕەزا پاشا، چونکە عەقڵ نایگرێ بە بێ ئاگاداری خەڵک لە جێی خۆی دابنابێ و ئەویش قەبووڵی بکا لەبەر ئەوەی وا بوایە، دەبووە گەمەی مندالان و بێسوود دەبوو و تەنانەت لە گەمە و شێتایەتیش ئاسایی دامێنتر دەبوو. مانەوەی ئەحمەد پاشاش لە ڕەواندز و سەرکردایەتیکردنی سوپا و هۆکاری نەچوونی لەگەڵ میری گەورەدا بۆ ناو ئۆردووەکەی مستەفا ڕەزا پاشا دیار و ئەرک بووە بۆ خۆپارێزیزی و ڕێتێچوونی خیانەت و ڕووداوی چاوەڕواننەکراو. هەڵوێستی کۆتایی ئەحمەد پاشا لە سەر ئاشتەوایی ئەگەر بە باوەڕەوە بووبێ یا لە ناچاری، ئەوە ڕوونە چۆتە ژێر باری بارودۆخەکە و بەرانبەر بۆچوونی میری گەورە بۆ ڕووخۆشی لەگەڵ سوڵتاندا ڕازی بووە و وەکی دی لە خراپترین باردا، دەبوو یاخی بێ یا لە باشترین ڕێتێچووندا، بەوە ڕازی نەبێ ببێ بە جێگرەوەی براکەی. بۆ مێژوونووسی بە ویژدان ئاسانە یاخیبوون بە سەریەوە نەکاتە ئەرک چونکە شەڕێکی بێ ئەملاوئەولا دەبوو و زەرەری زۆر لە ئاشتەوایی زیاتر دەبوو. بەڵام ڕەتکردنەوەی جێگرەوەی لێ قەبووڵ دەکرا و تەنانەت لێشی دەخوازرا ئەگەر لە سەر هەڵوێستی پێشتری، کە شەڕکردن بوو سوور بوایە و ڕێی قەبووڵنەکردنیشی هەبوو لەبەر ئەوەی برای تریان بۆ ئەو ئەرکە هەبوو و چ تەرازوویەکیش لەنگ نەدەبوو ئەگەر لە حکوومەتێک کە بە پێچەوانەی بۆچوونی ئەوەوە و بێ ڕەزامەندی ئەو، خەریکی ڕێکەوتن بوو، بکشابایەتەوە و کە قەبووڵیشی کرد، وا دەگەیەنێ کە لە ئەنجامدا ڕازی بووە بەوەی میر کردوویەتی و ناڵێم دڵیشی پێی خۆش بووە چونکە هەموو ڕووداوەکان زادەی ناچاری بوون.

بە بێ دوودڵی، وا لە باسەکەی موکریانیی ڕەحمەتی دەگەین کە هەندێ پێشخستن و دواخستنی تێدا هەن و هەرچی لە بەرژەوەندی خەتێدا بووبێ زمانی خۆی لە ئاستیدا گرتووە و بۆ تۆمەتبارکردنیشی زمانی بەرەڵا کردووە و ئەوەش لەگەڵ ئەو دەنگۆیانەدا یەک دەگرێتەوە کە هەتا بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی موکریانیدا هەبوون و عەبدوڵا موخلیس بەگی نەوەی ڕەسووڵ پاشا ئەو شایەدییە دەدا و لەگەڵ ڕەفتاری میری گەورەشدا ڕێکە کە باوەڕی بە بەڵێنەکانی مستەفا ڕەزا پاشا کردووە کە دەقاودەق، لە پێش مردنە کتوپڕەکەیدا جێبەجێی کردوون و لە ڕاستیشدا مرۆ بەوە سەرسام دەبێ چۆن مستەفا پاشا بەو سووربوونە زیادەڕۆییەوە ئامادە بووە بەڵێنەکانی

بەجێ بگەیەنێ کە بە میری گەورەی دابوون! لە ڕاستیدا، خەیاڵ ئەوەندە پەرت دەبێ دەگاتە ئەوەی بۆ ئەوە بچێ کە مردنەکەی بە پیلانی سوڵتان خۆی بووبێ بۆ ئەوەی سرنگومکردنی میری گەورە مسۆگەر بکا بەڵام ڕەواندزی جێهێشت تا سێ برای بە نۆرە و بە بێ بەرهەڵستی ئەستانە بەڕێوەی ببەن نەبوونی بەرهەڵستکاری لە ئەستانەوە پشتگیری ئەم بۆچوونە دەکا و دەسەڵاتی ئیمارەتەکە بە دەستی ئەحمەد پاشا و سلێمان پاشا و ڕەسووڵ پاشاوە، کە برای میر بوون، تا ساڵی 1272، واتە دەوری بیست ساڵ دوای کوشتنی میری گەورە مایەوە.

بەشی دووەم و کۆتایی

گۆڤاری «کاروان»، ساڵی حەفتەم، ژمارە ٧٢، شوبات ١٩٨٩

ئەگەر ڕەسووڵ پاشا ئەو باجانەی بدابا کە بابی عالی لە سەری دایبنابوون و ساڵی 1272 خۆی بە شەڕێکی دۆڕاودا لە دژی والی بەغدا، نامیق پاشادا نەکردبایە کە بەخت و هێزی خۆی تێدا تاقی کردبۆوە و ناچار بوو ماوەی پێنج ساڵ خۆی لە ئێران پەنا بدا کە باسەکەی لە لاپەڕە 76ی کتێبەکەی موکریانی بەدواوەیە، ئیمارەتەکەی بەردەوامی دەبوو. ساڵی 1272 بە مێوانی چووە لای نامیق پاشا خۆی و لای مایەوە هەتا کاتێ ساڵی 1281 نامیق پاشا لە ئەستانە بە پلەی «مشیر المابین» دامەزرا، ئەویشی لەگەڵ خۆیدا برد و ماوەی دە ساڵ بوو بە والی وان، دوای ئەوە بوو بە والیی ئەرزەڕۆم هەتا ساڵی 1298ی کۆچی، هەر لەوێ کۆچی دوایی کرد.

دوای کوشتنی میری گەورە، خوێنەر لە ڕەفتاری عوسمانییەکاندا لەگەڵ بنەماڵەی میردا، شتێکی سەرسوڕهێنەر دەبینێ و بەو شێوازە ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکا کە مستەفا ڕەزا پاشا لە سەر بنەمای بەڵێن و سوێند دایمەزراندبوو و باوەڕیش ناکەم مێژوو نموونەی زۆری لەو بابەتە هەبێ چونکە عوسمانییەکان خۆشیان لەگەڵ والییەکانی خۆیاندا، ئەگەر باوەڕیان پێیان نەمابا یا بترسابان دەسەڵاتیان زیاد بکا لێبوردە نەبوون. ئەگەر لاپەڕەی مێژووی پەیوەندی سیاسی و هاوسێتی نێوان میرە کوردەکان هەڵدەیتەوە شتێ نابینیتەوە دڵت خۆش بکات چونکە خۆیان و هیوای مێژووی پێیان بێئومێد کردووە ئەوەش بە ناتەبایی و جیاوازی درێژخایەنی نێوانیان.

ئەگەر ڕێمان هەبێ بە پێی بارودۆخی ڕۆژگارەکان حوکم بە سەر ڕووداوەکاندا بدەین هەر دەبێ لایەنگری میری گەورە بین لەو بڕیارەی کە داویەتی ئەوەش هەوڵی ئاشتەواییە چونکە پێشەکی و سەرهەڵدانی لەو باوەڕەوە بووە کە بە مستەفا ڕەزا پاشا هەیبووە و چ گەردی لێ نەنیشتووە تا مردنەکەی ڕەزا پاشا، وەک لە کتێبەکەی موکریانی، لە لاپەڕە 69یدا هاتووە و دەڵێ:

*«پاشا، بە پێی بەڵێنەکەی خۆی، لە سوڵتان مەحموودەوە لێبوردنێکی بۆ دەرکرد و پلەی «میری میران» و فەرمانی پاشایەتی بۆ وەرگرت و بۆ گەڕانەوە بۆ ڕەواندز ئیزنی خواست. بەڵام بۆ بەدبەختی، مستەفا ڕەشید پاشا هەر لەو ڕۆژانەدا مرد و عەلی ڕەزا پاشا کە والی بەغدابوو و دوژمنی سەرسەختی مستەفا ڕەشید پاشا بوو، بە پەلە هەواڵی بۆ ئەستانە نارد گوایە ئەگەر میر بۆ ڕەواندز بگەڕێتەوە، عیراق تێدا دەچێ و کاروباری دەوڵەت و بەڕێوەبەرێتیش لەنگ دەبێ».*

موکریانی دەیتوانی پەنا بۆ لێکدانەوەی بابەتەکە بەرێ و بیخاتە خانەی پلانێکی خیانەتکارییەوە کە ناوەڕۆکی بەڵێنەکانی مستەفا پاشای بەتاڵ کردۆتەوە و میریشی خستۆتە بەردەمی نەمانەوە یا مان ئەگەر مستەفا پاشا بمابا. بەڵام ئەوەی نەکردووە و بۆ ئەوە سوپاس دەکرێ چونکە ئەگەر بیکردبا دەبووە پاراستنی بەهای مێژوویی بەرز و (منیش باوەڕم پێی هەیە) و دەبووە پشتگیرییەکی بەهێز بۆ ئەو لێکدانەوانەی میری گەورە کە حیسابی خۆی بۆ ئاشتەوایی لە سەریان هەڵچنیبوو دەنا جێی دەمەتەقێ بۆ ئەوە نەدەمایەوە میر لە بەڵێنەکانی مستەفا پاشا بەگومان بێ و بە پێی خۆی بەرەو لای جەللاد نەدەچوو.

مانەوەی ئیمارەتەکە لە دوای کوشتنی میر، خۆی لە خۆیدا لەگەڵ سەرڕاستیی مستەفا پاشادا بۆ بەڵێنەکانی ڕێک دێتەوە و تەنانەت مانەوەی میر بە زندوویی و ڕێزدار لە سایەی فەرمانی سوڵتان و دوای مردنی مستەفا پاشا مەودادانی بۆ گەڕانەوە بەرەو ڕەواندز بۆ ویژدانی زندوو مەودا ناهێڵێتەوە بۆ گومان لە نیازی مستەفا پاشا و چاکیی هەڵبژاردەکەی میر لەو بارودۆخەدا. بەڵام لێکۆڵەرەوە پەنا بۆ ئەو بەشەی گێڕانەوەکەی «موکریانی»ی خوالێخۆشبوو ببا، کە خەتێ تۆمەتبار دەکا، هەر دەبێ لەو ڕووەوە قەبووڵی بێ کە پەیوەندی بە بەڵێنەکانی ڕەزا

پاشاوە هەیە چونکە موکریانی گوێی بە مەسەلەی ئاشتەوایی نەداوە تا بڵێین شانبەشانی ئەو گوێپێدانە بووە بۆیە لە قەبووڵکردنەوە نزیک بووە نەک لە ڕەتکردنەوەوە.

موکریانی، خوا لێی خۆش بێ، لە دژایەتیکردنی خەتێدا هێند توند بووە، لەگەڵ هەر بۆچوونێکدا بووە کە لایەنگری ئاشتەوایی و خەتێ بووبێ. لە ڕوانگەی بەرهەڵستکاری ئەم پێوانەیەوە، توێژەر یا خوێنەری ئاسایی کە مەیلی بەلای بێتاوانی خەتێدا دەچێ مافی ئەوەی هەیە بەرهەڵستی هەر بۆچوونیکی موکریانی بکا ئەگەر بە ئاراستەی تاوانبارکردنی خەتێدا بچێت چونکە ئەوە مافێکی سروشتی و بەڵگەنەویستی هەڵوێستە ئەگەر لەو دەرگایە بدا کە موکریانی باسی خیانەتی لێوە دەکا دەنا دەبێ بە شتێک لەوەی لە فیقهدا پێی دەڵێن «المصادرة علی المطلوب» و داوای داواکار خۆی دەبێتە بەڵگەی ڕاستی جگە لەوەی ئەو یەکدەنگییەی دراوەتە پاڵ فەتواکەی خەتێ لەگەڵ ڕاستگۆیی بەڵێنەکانی ڕەزا پاشا لە یەک گێڕانەوەدا، وەک ئەوەی خوالێخۆشبوو موکریانی، خۆی لە خۆیدا دەبێتە بەڵگەی دژی گێڕانەوەکە چونکە چنینی هەڵبەستراو لە بەتاڵکردنەوەی خیانەت بە سەر فەتواکەی خەتێدا وامان لێ دەکا چاوەڕێی دەستپێکردنی خێرای لەناوبردنی میری گەورە و هەڵوەشاندنەوەی سوپاکەی و دانانی دەسەڵاتدارێکی زاڵم و توندوتیژی عوسمانی بین.

مامۆستا عەبدولفەتاح عەلی یەحیا هەستی بە مەترسی باوەڕکردن کردووە بە مەبەستەکانی ڕەزا پاشا چونکە لەگەڵ سووربوونی خۆی و موکریانیدا بۆ بە خائین کردنی خەتێ و چۆڕبڕکردنی هەوڵ بۆ ئەوەی خیانەتەکەی بسەلمێنن وەک جیوەی بزێو وایە و هەر دەڵێی خەتێ بە ڕەگی قووڵ و بەهێزەوە، لە سەردەمی لاوێتییەوە لە سەر خیانەت و دینفرۆشی ڕەگی داکوتاوە و هەر بۆ خیانەتکردن لە ڕەواندز بوو بە سەرپەرشتیاری فەتواکە و زیادەڕەوی لەم بوارەدا وای لێ کردم بپرسم ئاخۆ چ هۆکارێک ئەو خائینە دینفرۆشەی لەوە وەستاندووە بەرانبەر ئەو هەموو ڕێز و پلەوپایە بەرزەی لە ڕەواندز هەیبوون، خیانەت لە والییەکانی بەغدا نەکات؟ مامۆستا عەبدولفەتاح هەوڵی داوە فریای ئەوە بکەوێ کە خیانەتی خەتێ لە دیوار دەنەخشێنێ و لە لاپەڕە 142ی بەشی یەکەمی گوتارەکەیدا، لە ژمارە 52ی کارواندا لە پێنج دێڕدا هاتۆتە سەر ڕەتکردنەوەی ئەو باسە و دەڵێ:

*«ئەو قسانە لە بەردەم شیکردنەوە و ڕەخنەی مێژوویدا خۆ ناگرن چونکە میر لە ئابی 1836 خۆی بە دەستەوە دا و بردیان بۆ ئیستەنبوڵ، بەڵام ڕەشید پاشا لە کانوونی دووەمی 1837 مردووە و پێنج مانگ بەشی ئەوەی کردووە لەگەڵ میردا بگەنە ئەنجامی لێکحاڵیبوون و فەرمانی پاشایانەی پێ بدرێ. ئەگەر دەوڵەتی عوسمانی نیەتی لەگەڵیدا پاک بوایە، پێویستی نەدەکرد هەر لە بنەڕەتەوە، دوای خۆبەدەستەوەدانی، بۆ ئیستەنبووڵ داوا بکرێ».*

یەکەم سەرنج لە سەر ئەم بەرپەرچدانەوەیە ئەوەیە کە لە سەر قسەیەکی «د. عەبدولعەزیز سلێمان نەوار»ە و لە پەراوێزی ژمارە 54ی کۆتایی لاپەڕە 142ی گۆڤاری کاروانی ژمارە 52 ئاماژەی پێ کراوە نەک لە سەر کتێبەکەی موکریانی ئەگەرچی ناوەڕۆکی قسە گوازراوەکەی د. عەبدولعەزیز لەگەڵ کتێبەکەی موکریانیدا یەک دێتەوە و بە پێی ڕواڵەت، پێم وابێ هەر لەوێشەوە وەرگیراوە چونکە موکریانی پێش د. عەبدولعەزیز بووە بەڵام لە سەر ئەو بۆچوونە سوور نیم چونکە کتێبەکەی عەبدولعەزیزم لا نییە. دیسان گومان دەبەم، گومانێک کە لە سەر پێداویستییەکان هەڵچندراوە عەبدولعەزیز کە لەم بابەتەدا خۆی لە باسی موکریانی لاداوە ڕەنگدانەوەی ئەو توندییەیە کە بەرانبەر خەتێ بوویەتی چونکە تاوانبارکردنی خەتێ بە خیانەت یەکەم جار لە موکریانییەوە بووە کە لەو بوارەدا پێش هەمووان کەوتۆتەوە و چی پێ کراوە کردوویەتی بۆ ئەوەی خیانەتەکەی بە سەردا بسەپێنێ،

بۆیە مەیلی مامۆستا عەبدولفەتاح بۆ ئەوە چووە باسێک بداتە پاڵ موکریانی وەک پینەی سپی بە شەوەزەنگەوە دیارە لە باسی خەتێ و فەتوا نەگبەتەکەیدا.

ماوەی پێنج مانگی نێوان ڕێکەوتنەکە و مردنی ڕەشید پاشا، بۆ ئاشتەوایی دوای جەنگ و شەڕ ماوەیەکی پێوانەیی کورتە بە پێوانەی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم و ڕۆژانێک بە دەعوەت و مزگێنی و مێوانداری و خۆئامادەکردن بۆ دوای سەفەری میر، تا ئاستی دڵنیابوون بە سەر دەچن و دوای ئەوە ئامادەسازی سەفەری سواری دێت بە ڕێیەکدا کە نە کورتە و نە خۆشە... ئەوجا ڕۆژانی پێشوازیکردن و ڕێوڕەسمی مێوانداری و فەرمان و شتگەلێ کە ماوەیان دەوێ و بە خەیاڵمدا نایەن لە بابی عالی تێدەپەڕن و هەموو ئەوانەش بە پێی موکریانی و سەرچاوەکە ڕوویان داوە و مامۆستا عەبدولفەتاح خۆی لە پەراوێزەکەدا باسی کردووە. جا ئەگەر ئەو ماوەیە بۆ ئەو لستە درێژەی هۆکاری دواخستن زۆر بێ، لە هەموو ماوەیەک زیاترە کە پێویست بە لەناوبردنی میر بکا ئەگەر لە سەرەتاوە دەستنیشان کرابێ. ئەوەی مەسەلەکە ڕوونتر دەکاتەوە لەناوبردنەکە خۆیەتی کە پتر لە یەک ساڵ دوای مردنی ڕەشید پاشا بووە و لە لاپەڕە 142ی ناوبراوی کارواندا و لە ناوەڕۆکی گوتارەکەی مامۆستا عەبدولفەتاحدا هاتووە کە میر ساڵی 1838 لە ڕێی گەڕانەوەیدا بەرەو ڕەواندز لەناوبراوە... زانیشمان کە ڕەشید پاشا لە سەرەتای 1837 مردووە. جا ئەگەر ئەو هەوڵەی والی بەغدا نەبێ بۆ تێکدانی پلانەکەی دوژمنە هەرە سەرسەختەکەی، کە موکریانی باسی کردووە، چی بووە هۆی ئەو دواکەوتنە؟ بە هەرحاڵ، بۆ سوڵتانی عوسمانی پاکانە ناکەین و ئەگەر هەوڵەکانی والیی بەغدا لەگەڵ هەوای نەفسیدا ڕێک نەهاتبا یا شتی تر ختووکەی هەستی نەدابا دەستی بۆ ئەو کارە وەحشیگەراییە دژە شەرەف و چاکەخوازییە نەدەبرد بەڵام ئەوەی لە بارەی ئەو سڵە زیادەیەوە دەمانوەستێنێ - دوای مردنی ڕەشید پاشا - ئەوەیە هیچ جێیەکی ئامادەکراو لە بیری نووسەر و خوێنەردا نامێنێ ئەگەر ئەو پێنج مانگەی کە مامۆستا عەبدولفەتاح بە بەسی زانیوە (بۆ ڕێکەوتن لەگەڵ میر و پێدانی فەرمانی پاشایەتی) جێی باوەڕمان بێ.

من لەگەڵ لۆژیکی گوتارەکە خۆیدا ئەوە دەڵێم: ڕازی نابێ ساڵێکی تەواو دوای مردنی ڕەزا پاشا بە کاتێکی پێویست بزانم بۆ جێبەجێکردنی کوشتنی میر کە دوو ساڵ بووە پیلان بۆ داڕێژراوە کەچی پێنج مانگ ئەوەندە بەرین بۆتەوە بەشی ئاشتەوایی و جەنجاڵی ڕەواندز و سەفەر بۆ ئەستانە و دیداری سوڵتان و دەرچوونی مەرسووم و فەرمان شتی لەو بابەتانە بکا و دەزانین بەقاڵێک یا کوتاڵفرۆشێکی ڕەواندز نەیدەتوانی لە ماوەی دوو مانگ کەمتردا سەفەرێکی بەغدا بۆ کڕین و فرۆشتن بکات و ئەگەر بۆ کڕینیی شتومەک خۆی بۆ سەفەری ئیستەنبوڵیش کۆ کردبایەتەوە و لە گەڕانەوەدا بچووبایەتە سیواس، کە میری لە گەڕانەوەدا لێ کوژرا، بە لای کەمەوە پێنج مانگی دەبرد... لەو ڕۆژگارەدا سەفەری حەج بە چوون و هاتنەوەوە و بێ هیچ ئاشتەوایی و مەرسووم و مێواندارییەک، بە لای کەمەوە ساڵێکی دەخایاند.

نیازمان نییە مێژووی عوسمانییەکان لەو بارەیەوە بنووسینەوە کە پەیوەندی بە ئیماراتە کوردییەکانەوە هەیە تا بە قووڵاییدا ڕۆبچین و بە ڕەهەندەکاندا بگەڕێین و بە دوای باسی لەوە درێژتردا چنگەکڕێ بکەین کە لە پێویستی وردەکاری فەتوایەک زیاد بێ کە مەلایەک لە بارودۆخێکی زاندراودا دەریکردووە. هیچ یەکێ لە ئێمەش بێتاوانکردن یا تۆمەتبارکردنی بە خیانەتی مەزن بە شێوەیەک لە ئەستۆ نەگرتووە کە بەڵێندەرێک بۆ ئەوەی لە کارەکەیدا ئیفلاس نەکات ئەرکی تەواوکردنی بینایەک لە کاتێکی دیاریکراودا لە ئەستۆ دەگرێ و حەقیقەتیش نێچیری لێکۆڵەرەوەیە وەک نێچیری ئیمانداریشە یا وەک دەبێ نێچیریان بێ، لە هاوکێشەی بێتاوانی و تاوانباری خەتێشدا، چاومان دانەپۆشراوە تا ئەو جیاوازییە گەورەیە نەبینین کە لە نێوان خیانەت و دڵسۆزیدا، لە ئاگایی نەتەوایەتیماندا چونکە بێتاوانییەکەی بۆ تۆ و بۆ من و بۆ هەموو کورد مژدەبەخشە و بەڵگەی ڕاستی بڕیارەکەی

میری گەورەیە و دیارە کورتبین نەبووە و ورەی نەڕووخاوە و چەندین ساڵ بەرانبەر خۆفرۆشی سەرۆکی فەتوادەری ئیمارەتەکەی گێل نەبووە تا هاتنی عوسمانییەکان لە سەردەمی داوود پاشادا، بەڵام ئەگەر خیانەتی کردبێ، جگە لەوەی شێواندنی زانایەکی گەورەیە کە زانای گەورەی کورد و ناکورد لە ماوەی دەیان ساڵدا لە بەر دەستی پێگەیشتوون، مۆرێکی شەرمەزاریشە بە تەوێڵی هەموو چرکەیەکی تەمەنی ئیمارەتەکەی میری گەورەوە کە خەتێ تیایدا فەتوادەر بووە و نە میر لێی دەرباز بووە نە ئەحمەدی برای و نە هیچ کەس لەوانەی دوور یا نزیک پەیوەندییان بە دەسەڵاتەکەوە بووە و تەنانەت سەرجەمی کوردیش دەگرێتەوە کە دوای فەتواکەش، هەتا مردنی، هەموو شتێکیان بۆ دابین کردووە. قوتابخانەکەشی وەک خۆی بە خوێندکارانەوە مایەوە و ناوی لە سەرەوەی گومانەوە بوو تا ئەو کاتەی کتێبەکەی «موکریانی» ڕەحمەتی بڵاو بووەوە، حاجی قادری کۆیی و حاجی مەلا عەبدوڵای جەلی، لە کاتی خوێندنیاندا پێکەوە لە باڵەک، قوتابی ئەو بوون و پێش ئەوانیش مامۆستاکەیان حاجی مەلا ئەسعەدی جەلی، باوکی حاجی عەبدوڵای جەلی، وەک لە هەندێ حاشییەدا دەردەکەوێ و نووسیویەتی کە لە قوتابخانەی خەتێ لە شەقڵاوە نووسراوە، لە قوتابخانە هاوینییەکەی خەتێ، لە شەقڵاوە خوێندوویەتی.

کاتێ بە دوای ئەو باسانەدا لە دوو تای تەرازووی تۆمەتبارکردن و بێتاوانکردندا دەچم، دەزانم پێویستە بابەتیانە بم و لە هەردوو سەرەوە دووی ڕاستی بکەووم و خزان بە لای چنینەوەی ئاو خاڵانەدا کە بۆ تاوانبارکردن یا بێتاوانکردن دەست دەدەن و بە پێی ئارەزوو و خواستن، وەک بۆ زەید ڕاستە بۆ عەمریش هەر ڕاستە بەڵام کەمتر دەکەوێتە بەردەم هەڕەشەی بەتەڵەبوونەوە چونکە بە چاوی کراوەوە دەیبینم و لە دەمارەکاندا هەست بە بزاوتنی ئارەزوو دەکەم و لە بۆچووندا ئاشکرای دەکەم.

ئەگەر بە خوێنەر بڵێم ئینساف نییە و لە بەرژەوەندی نەتەوەییشدا نییە پەرۆشی لێکۆڵەری کورد بۆ تۆمەتبارکردنی خەتێ لەوە زیاتر بێ ئەگەر «عەلی مەردان»ی مەرحووم تۆمەتبار بێ لەبەر ئەوەی کارەساتەکە بۆ خەتێ و میریی گەورە زەرەری زۆر زیاترە و شتێکم گوت کە ئەرکی نەتەوایەتی و وابەستەبوون بە ڕاستییەوە دەیسەپێنن و بەرچاوڕوونییەکیشی تێدایە ئەوەش ئەوەیە کە سەپاندنی ئەو خیانەتە نە شیرنایەتی شەکرە نە شاگەشکەی سەرکەوتنی تێدایە ئەوجا ئەگەر هەردوو تای خیانەت و بەرائەت بەرانبەر بن دەبێ لایەنی بەرائەتەکە بین جا تۆمەتبار زانایەکی کورد بێ یا گۆرانیبێژێکی بولگاری یا هەر بەشەرێکی تر بێ.

بە دڵێکی ئاسوودەوە دەڵێم ئەوەی لەو فەتوایەدا ڕووی دا، ئەوەیە بە ڕەزامەندی میر بووە و دواییش بە ڕەزامەندی هەمووان ئاشتەوایی کراوە و مستەفا ڕەزا پاشاش لە هەرچییەکی گوتوویەتی ڕاستگۆ بووە و لە ژیانی خۆیدا گشت بەڵێنەکانی بەجێ گەیاندووە و میریش ئەوەندە گێل یا غافڵ یا بێتوانا نەبووە وەک دەردەکەوێ و وەک منداڵێک بە زۆر بیبەنە بەر خوێندن، خۆی بە دەستی خیانەتی خەتێوە نەداوە. میریش لە بەردەم جەبەرووتی خەتێدا بێئیرادە بووبێ، چەند زێدەڕۆیی لە ڕۆڵی زانای ئاینی بکرێ، لۆژیک قەبووڵی ناکات.

لە ڕاستیدا میر، لە سەرەتای دەسەڵاتیدا ئیبن ئادەمی زانای وەک بەرپرسی فەتوا دانا و دوای ئەوپەڕی دوو ساڵ بۆ هۆی ناتەبایی بۆچوونیانەوە وەلای نا و بە زۆر لە «وەلزێ» ماڵنشینی کرد. ئەوەش ئیبن ئادەم خۆی لە دەستنووسی «سلسلة الذهب»ی 1234دا نووسیویەتی. ئیبن ئادەمیش پلەوپایەیەکی زانستی و ئەدەبی شۆرەتێکی وای هەبوو، ڕێی پێ دەدا بەرانبەر نارەوایی بوەستێتەوە کە سەد خەتێ نەیاندەتوانی بەرەوڕووی ببنەوە و لە سەر ئەوەشەوە مامۆستای خەتێ و چەندین زانای گەورەی تر بوو و یەکێ بووە لە زانا ناودارەکانی سەرجەمی ئیسلام کە نووسینی لە بوارە جیاوازەکانی ئیسلامی و عارەبیدا ئەوەندە زۆرن لە عەقڵدا جێیان نابێتەوە.

ئەو ناکۆکییەشی کەوتە نێوانیانەوە نەدەگەیشتە هەزاریەکی فەتواکەی خەتێ کە دەڵێن دەسەڵاتی لە سەر وەستابوو و ئەویش ئەو میرە بوو کە دوو مامی خۆی لە سەرەتای دەسەڵاتیەوە کوشت بۆ ئەوەی لە مەترسییان دەرباز بێ و دەشیەویست دەوڵەتێکی بەهێز دامەزرێنێ. توندوتیژی میر لە ئاستێکدا بوو فەرمانی کوشتنی یەحیایا بەگی مامی و عوسمان بەگی کوڕی لە کاتێکدا دا، کە لای خۆی بەند کرابوون و ماوەی شەو و ڕۆژێک تەرمیان بە هەڵواسراوی مانەوە و دوایی بە لای گۆڕی «تەمر خان»ی مامیەوە کە ئەویش لە بەندیخانە، بە تاریکەشەو خنکێندرا، بنێژرێن (تەماشای لاپەڕە 30 - 33ی کتێبەکەی مەرحووم موکریانی بکە).

میر، سەری بە سەر و ئەملا و ئەولای هەموو سەرگەورەیەکی خۆبەگەورەزانی ناوچەکەی خۆیدا کێشا و لە بەلاداخستنی شەڕی نەیارەکانیدا ئەوپەڕی توندوتیژی بەکار دەهێنا تا گەیشتە ئەوەی لە ئەنجامدا پێکدادان لە نێوان خۆی سوپای خودی سوڵتاندا قەوما و لە یەک جار زیاتر ڕووبەڕووی بووەوە و خەتێ و غەیری خەتێ لە زاناکانی کورد لەو سەردەمەدا ئەو ڕووداوانەیان دیوە و نە هیچیان کردووە و نە نارەزاییشیان دەربڕیوە. ئیتر ئەو نهێنییە شەیتانییە چی بووە لە شەو و ڕۆژێکدا وای لە خەتێ کردووە ببێ بە زەبەلاحێک ڕۆژگار و شوێن و دەسەڵاتی بۆ بلوێن تا فەتواکەی بە ئەعوزو دەست پێ بکات؟

ئەوەی لە لایەن تاوانبارکەرانەوە دەدرێتە پاڵ خەتێ بە شێوەیەک کاریگەری لە سەر عەقڵ و ڕۆح هەیە ئیرادەی دەربازبوون و خۆشەویستی ژیان لە پیاوێکی وەک میر دەسێننەوە کە تەمەنی خۆی بە دەسەڵاتداری و حەزی زاڵبوون و یەکبوونی بەرێ کردووە و نەک هەر ئیمارەتەکە، ئەوە شتێکە بۆ هیچ پێغەمبەرێکیش لە پێش خەتێدا هەڵنەکەوتووە و تەنانەت «ڕاسبۆتین»یش لە جادوو و دوورخستنەوەی جنۆکان شکستی تێدا هێنا! ڕازیبوون بە بوونی هێزێکی ئاوها لە کەسێکی بێ ئەسبابی تێکشکاندن بەرانبەر کەسێک کە خۆی تێکشکێنەر بێ، شتێکە مرۆڤ چەند هۆشی خۆی لەگەڵیدا ڕابێنێ، ناچێتە عەقڵەوە.

ئەگەر مەحاڵ بۆ ئەوە بێنینەوە و بڵێن میر نەیتوانیەوە بە ئاشکرا لە ڕووی خەتێ بوەستێ، ئەی نەیدەتوانی پیلانی لەناوبردنی، بە جۆرێ لە جۆرەکان دابنێ و بە شێوەیەک لە شێوەکان بیفەوتێنێ؟ ئەگەر میر توانای تێکشکاندنی لەشکری سوڵتانی بووبێ، وەک ئەوانەی مافی ئەو فەتوایە لە خەتێ دەسێننەوە لە سەر ئەوە سوورن کە خیانەتکاری کرێگرتە بووە، باسی دەکەن ئەی چاوە ساغەکەی میر کوێر ببوو تا ئەو خیانەتە ئاشکرایە نەبینێ و هەوڵێکی ڕەحمانی یا شەیتانی بۆ دەربازبوونی ئیمارەتەکەی لەو جۆڵاییکەر[5]ە بێ لاقە بدا؟

پێ دەچێ مەیلی بە خائینکردنی خەتێ لای ئەوانەی کە دەیانەوێ خائین بووبێ، بە لای ئەوەدا دەچێ کە پیاوانی ئاین (مەلاکان) وا پیشان بدەن کە تا ئاستێکی زۆر کاریگەرییان لە سەر ڕووداوە گەورەکان هەبووە و ئەو بۆچوونەیان ڕاستە کە میر و سوپاکەی و براکانی و خەڵکەکە بەرانبەر فەتواکە ئیرادەیان سڕ بووە و بێدەسەڵاتانە بەرانبەر کارەساتێک ڕاوەستاوون ئەگەر ئەو فەتوایە نەبوایە دەکرا خۆیانی لێ لابدەن! سەرجەمی ئەم بۆچوونانە جگە لە خەیاڵ هیچی تر نین و شتی گرنگیش لە وردەکارییەکانیدا هەر خەیاڵن.

زۆربەی هەرە زۆری مەلاکان لە خەڵکی ڕەشوڕووتی خەلقەندەی خوا بوون و مەژی و مەمرە بەرێوە دەچوون و توانای ئەوەیان نەبوو گاریگەرییان لە سەر کاروباری میران و گەورەپیاوان هەبێ و جگە لە قسەکردن لە بازنەی وانەگوتنەوەی مزگەوت و هەندێ کێشە و کاروباری خەڵک کە پرسیاریان لێ دەکرا، شتێکی تریان نەبوو، ئەوجا خەڵک سەردانی دادگاکانیان دەکرد و مەلاکانیش دەبوو ماوەی زۆر چاوەڕوان بن تا یەکێ بێ و پرسیاری لە بارەی تەڵاق و میراتی و هاوسەرگیری نێوان فلان و فیسارەوە لێ بکات، کە دوو جار شیری ژنێکیان خواردووە.

---

[5] اخطبوط – هەشتپێ.

لەو ساڵانەی دواییشدا بارودۆخی ژیانیان گۆڕانی بە سەردا هات تا ئەوەی کە بیستم مانگانەی یەکێکیان، کە دەمناسی، نزیکەی دوو سەد دیناری مانگانەیە، وەک نوکتەی نزیک لە ڕاستییەوە گوتم ئەگەر مەعاشەکەی بە زانستەکەی پێوانە بکرێ، ئەو پارەیە یەکجار زۆرە و ئەگەر بە گوێرەی نەزانینیشی بێ، ئەو پارەیە یەکجار کەمە. هەر ئاوهاش بە بێ کاریگەری لە سەر ڕووداوەکان، لە جێی خۆیاندا مانەوە.

لەم لایەنەوە قسان درێژ ناکەینەوە چونکە بێ ئەنجامە و باسی پلەوپایەی شێخول ئیسلام و شێخول ئەزهەر و موفتی شاری قودس و قازی شەرع (لە سەردەمی عوسمانی و پێشتردا) ناکەین چونکە ئەوانە تاکی فەرمانبەر بوون و ڕەفتاریان لە شتێکەوە بۆ شتێکی تر جیاواز بوو بەڵام ئەوەی لەم بابەتەدا گرنگە باسی یەکێکە لەو زانا هەرە هەڵکەوتووانەی زەمان و شوێن لە وێنەیانی نەدیوە و پلەوپایەی زانستییان و ڕواڵەتی ڕاستییان ڕێی بۆ خۆش کردوون ڕێزی خەڵک بە دەست بێنن و دەسەڵاتیش حیسابیان بۆ بکا، زۆربەی ئەوانە دوور لە دەسەڵات لە لادێدا ژیاوون و مەگەر بە دەگمەن دەنا لەگەڵ دەسەڵاتدا یەکتریشیان نەدیوە. بەڵام ئەوانەی لە شاردا ژیاوون، ئاسایی بوو هاتوچۆیان لەگەڵ قائیمقام و پارێزگار و والی (سەردەمی عوسمانیدا) و فەرمانبەری گەورەی لەو بابەتانەدا بووبێ و ئەوەش جێی سەرسوڕمان نەبووە و ڕەنگە بە دەگمەنیش بێ ڕووی دابێ حکوومەت هانای بۆ بردبن و ئەوانیش لە بەرژەوەندی خەڵکدا بە دەنگییەوە چووبن تا شەڕێکیان لێ دوور بخەنەوە. ئەوەندەی من بزانم هیچ کام لەو زانایانە سەریان بۆ دەسەڵات شۆڕ نەکردووە مەگەر بەرژەوەندییەکی شەرعی لە سەرشۆڕکردنەکەدا بووبێ یەکێ لەوانە بە تایبەتی دەناسم، کە پێویست بە ناوهێنانی ناکات، حکوومەت هەموو هەوڵێکی لەگەڵیدا دا بۆ ئەوەی فەتوای جیهاد لە مایسی 1961دا بدات بەڵام ئەو لە بەر هۆیەک کە بە ئاشکرا باسی کرد، ڕازی نەبوو، هۆیەکەش ئەوە بوو حکوومەت باج لە خەمر و شتی حەرام وەردەگرێ.

ئەو نامەیەی نادر شای ئەفشار بە بیری خوێنەر دەهێنمەوە کە بۆ شێخ حەسەن گلەزەردەیی ناردبوو لەگەڵ وەڵامەکەی ئەمیان کە وێنەیەکی ڕاستگۆی هەڵوێستی پیاوی ئاینییان تێدایە لە ڕۆژی تاقیکردنەوەدا. ئەگەر یەکێ لەوانە بە هۆی لێهاتوویی و کەسایەتی بەهێزیەوە گەیشتە ئەو ئاستەی پیاوانی دنیا ڕێزی بگرن و دەستی ماچ بکەن، ویژدان ڕێ نادات لە هەموو بارێکدا بۆ دواکەوتوویی بگێڕدرێتەوە. جێی سەرسوڕمان نییە سوڵتان عەبدولحەمید، کاک ئەحمەدی ئەوەندە بە لاوە مەزن بێ تەنانەت باسی ئەوەش بکرێ کە بووە بە موریدی. ئەو سوڵتانە هەر خۆی بوو کە ڕازی نەبوو فەلەستین بە جووەکان بفرۆشێ ئەگەرچی زۆر پێویستی بەو میقدارە پارە زۆرەش هەبوو کە لە بەرانبەردا پێیان دەدا. یەکێ لە کچەکانی، لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا ناوی «مەشفەقە»ی بیر هاتۆتەوە کە دایکی دوای هاوسەرگیری لە سوڵتان لێی نراوە، ئەوەش لەوەوە بووە کە سوڵتان داوای کردووە لاپەڕەیەکی قورئان بکرێتەوە، تیایدا دواوشە «مشفوق» بووە.

لەگەڵ لۆژیک و پێوانەکاریدا ڕاست نایەتەوە کوفری ڕەها بە ئاین بدرێتە پاڵ دەسەڵاتداری عوسمانی هەر بۆ ئەوەی ڕاستگۆیی مستەفا ڕەزا پاشا و فەرمانەکەی سوڵتان مەحموود ڕەت بکرێنەوە و خۆبەدەستەوەدانی ڕەهاش بۆ دین بدرێتە پاڵ میری گەورە تا سەر بۆ فەتوایەک شۆڕ بکات کە خەتییەکی خائین، کە دەکرا کەوڵی بکات و بیکوڵێنێ، دەریکردووە. باسی ئەوەش کە ڕەشەخەڵکەکەی کورد لە ژێر کاریگەری دیندا بوونە و ئەوەش هۆکار بووە بۆ فیرعەونایەتی خەتێ و بێدەنگبوونی میر، دوورکەوتنەوەیەکی زۆرە لە ڕاستییەوە چونکە وابەستەیی خەڵکەکە بە دینەوە لە بەجێگەیاندنی فەرزی دینی و ئەرکەکانی تێنەپەڕاندووە تا بگاتە دەستوەردان لە سیاسەتی دەسەڵاتدارێتی و باوەڕیش ناکەین میر لە هیچ بڕیارێکدا دادپەروەرانە بووبێ یا نادادپەروەرانە پەنای بۆ ڕای گشتی بردبێ و باوەڕیش ناکرێ ڕەشەخەڵکە کاسب و ڕەنجبەرەکانی شار و دێ لەبەر ئەوە دڵیان بە ڕێکەوتنی نێوان سوپای میر و سوپای عوسمانی خۆش بووبێ دوایی ماڵوێرانی و کاولکاری و کوشتاری بە دوادا بێ.

لە ڕاستیدا میرانی کورد وەک هەر دەسەڵاتدارێکی نەتەوەکانی تر حیسابیان بۆ بۆچوونی ڕەشەخەڵکەکە نەکردووە مەگەر بەشی ئەوەی لە جەنگ یا لە ئاشتیدا چەندیان کەڵک بۆیان دەبێ، ئەوەش کاریگەری لە سەر ئەو خەڵکە دەبوو کە لە شتی چاوەڕوانکراودا پرسیان پێ نەدەکرا لەبەر ئەوەی بۆ هەڵگیرسانی جەنگ بەپەرۆشەوە نەبوون. بەڵام ئەوەی هەموو خەڵکی ئیمارەتێک دوعای سەرکەوتنیان بۆ سوپای میرەکەیان دەکرد، هۆکاری سەرەکی ئەوە بووە کە تێکشکانی سوپاکە دەبووە هۆی وێرانبوونی ماڵ و نەمانی هەموویان. خەڵکی بابان کە کورد بوون، پێیان خۆش بوو سۆران بدۆڕێ و خەڵکی سۆرانیش کە کورد بوون پێیان خۆش بوو بابان تێکبشکێ.

هیچ گومانی تێدا نییە فەتواکەی خەتێ، ئەگەر بە ڕەزامەندی میر بووبێ یان نا، بۆ ڕەشە خەڵکەکە فێنکاییەک بوو و لە سەر دڵیان نیشت چونکە ڕێی خوێنڕشتنیانی گرت و نامووس و سەرمایەیانی پاراست و ئەگەر تۆش، ئەی خوێنەر، یەکێ بوویتایە لە دانیشتوانی ئەو سەردەمەی ڕەواندز هەمانی ئاواتی ئەوانت دەخواست. لەم ڕۆژگارەشتدا، دوای ئەوەی گەیشتوویتەتە سەردەمی گەڕان بە ئاسمانەکاندا، ئەگەر بکەویتە بارودۆخی ئەوانەوە هەمان ئەو ئاواتەی ئەوان دەخوازیت.

ئەوە دەڵێم و دەزانم سەلامەتی نەتەوەیی لەوە بەرزتر و ڕاستتر و گرنگترە پێوەرەکانی سەلامەتییەکەی لە بەر خاتری سەلامەتی کاتیی بەشێکی لە ئاڕاستەی خۆی لابدا چونکە ئەوەش دەزانم بەرەوڕوو کردنەوەی هەر بەشێکی ئەو گشتە بەرانبەر مەترسی لەناوچوون خەسارەتی بەشێکی گشتە.

دەبێتە جۆرە کفرکردنێک بە مێژوو ئەگەر بێم لە میرە کوردەکان ببوورم کە لێکدابڕان و شەڕی یەکتر و ململانێی یەکتریان کردووە، ئەوجا گلەیی ئەوەیان لێ بکەم کە وازیان لە تاقیکردنەوەی جەنگێک هێناوە کە لە باشترین یا خراپترین باردا جەنگێکی دۆڕاو بووە. هەر دەڵێی ئەگەر لە شەڕی ناوخۆ و یەکترکوشتن لێیان ببوورم دوایی گلەیی ئەوەیان لێ بکەم کە خۆیان لە شەڕێکی دۆڕاوی وەک ئەوەی ڕەواندز لاداوە کە فەتوایەک بە ئیزنی میر ڕایگرتووە، دەبم بەوەی دژی بنەمایەک بم بۆ ماڵوێرانی مێژوویی کورد لە ڕۆژگاری کۆرشی مەزنەوە بۆ کورد نووسراوە.

قسەشم لە بارەی لێبوردن لە میرەکان دوای لۆمەکردنیان لە سەر یەکتر کوشتن ئەوە ناگەیەنێ قسەکردن لە سەر هەڵەی ئەوان حەرام بکەم بەڵکوو ئەوە دەگەیەنێ ئەو یەکترکوژییە بە خیانەتی نەتەوەیی نەزانم، ئەگەرچی ناچاربوونی میری گەورە لە دواساتدا بۆ ڕازیبوون بەرهەمێکی تاڵی شەڕە ناوخۆییەکانی پێشتر بووە کە پتر لە بیست ساڵ درێژەی کێشاوە و سووتەمەنییەکی تاکی کورد و ماڵی کورد و کشتوکاڵی کورد بووە.

من لە گۆشەنیگای توێژەرێکەوە ئەو قسانە دەکەم کە لە سەرجەمی تابلۆ مێژووییەکە بڕوانێ کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا لە ڕووبەری کوردستان بە شێوەیەکی تایبەتی کێشراوە تا خەتێ و غەیری خەتێ وەک یەک ببیندرێن. لە گۆشەنیگای جیاوازی نێوان تەبایی گشتی و ناتەبایی گشتییەوە - یا شتێ بە گشتی بچێ- و هەڵسەنگاندنی قازانج و زەرەرەوە لە هەردوو حاڵەتەکەدا ئەوە دەڵێم.

بەڵام کە ئەو پێوەرە ڕەهایەش دەخەمە حیسابەوە، ڕاستییەکی گرنگیش لەبیر ناکەم ئەگەر تەبایی کورد بەردەوام بوایە هەتا ئێستا دەمایەوە، ئەوەش ئەوەیە کە هێزی عوسمانی و شاهەنشاهی و ئەوەی لە ڕووی بەرژەوەندی دەوڵەتی زلهێزەوە پەیوەندی پێیانەوە هەیە، بە دیار تەبایی کوردەوە دەستەوئەژنۆ دانەدەنیشتن و تەماشا بکەن و کەس نەیدەزانی ڕووداوەکان چۆن دەکەونەوە ئەگەر بەرژەوەندی زلهێزەکان هاوتەریبی

قاجارەکان و عوسمانییەکان بوایە. دیتمان چۆن لە دژی محەمەد عەلی پاشا دەستیان وەردا کاتێ بووە هەڕەشە لە سەر عوسمانییەکان و لە بارێکی هاوشێوەدا شەڕی قەرمیشمان لە دژی ڕووس دیت.

ئەم قسانە لە سەر بابەتێک کە ڕووی نەداوە، بە ناو بازنەیەکی خەیاڵیدا دەخولێنەوە بەڵام لێی دەوەشایەوە ڕوو بدات و مافی ئەوەی هەیە بە هۆشی خوێنەری کورددا تێپەڕێ: یەکێتی بیر کە بناغەی هەموو سەرکەوتنێکی گشتییە، هەموو دەمێ نابێتە بیانوو بۆ چوونە هەموو شەڕێکەوە. بە هەرحاڵ ئەوە بەسەر چوو و با نەوەی ئێستا و داهاتوو لە وانەکانی بگەن و لەو نهێنییە داخراوەش بگەن کە کۆتایی هەموو شەڕێکی کورد کارەساتە.

لە بەشی یەکەمی کتێبی «*حاجی قادری کۆیی*»دا باسی ئەو هۆکارەم کردووە کە ماوەی نزیکەی 2400 ساڵ، لە دوای ڕووخانی مادەوە ڕێی نەداوە کورد دەوڵەتی خۆی هەبێ، ئەوەش شوێنی کوردستان بووە لە نێوان سێ هێزی مەزندا، ئیمپراتۆریای ئێران و چەقی هێز لە بابل و ئەوەی پێی دەگوترێ هێزی هیلینی (یۆنانی) و ڕۆمانی. ئەوانە لە بازنەیەکی داخراودا دەوریان دابوو و هەموو ئابووری کوردستان وەک ئاوی شاخەکان بەرەو خاکی ئەوان دادەچۆڕا.

ئەوەی لە ماوەی هەزاران ساڵ ڕووی دا، ناووم لێ نا لەبەرچوونی ئابووری کورد و ڕێی نەدا سەرمایەی کوردی دابمەزرێ کە بناغەی دەوڵەتە. تۆش لەبەرچوونی بیر و داهێنان و هەرچییەکی بۆ هێرشهێنان لە لایەن ئەو هێزانەوە لەگەڵیاندا دێ، بخەرە سەری... ئەوەشم گوتووە ئەگەر ئیمارەتێکی وەک بابان یا سۆران بە لێدانێکی عوسمانییەکان یا قاجارییەکان لەناو بچێ، کەواتە حوکمی لەناوچوونیان لە ڕۆژگاری کۆرشی مادشکێنەوە دراوە. تۆش دەتوانیت بگەڕێیتەوە سەر لاپەڕەکانی کتێبی ناوبراو.

قسەی ئێرە ئەو کارەساتانە ناخولقێنن کە ڕوویان داوە، بەڵام وەک هەن دەیانخاتە ڕوو و بێئومێدیش ناخاتە دڵەوە بەڵکو چاو لە ڕووی واقعێکدا دەکاتەوە هەیە و لە گەلی کوردی دەوێ، بە تایبەتی لە ڕۆشنبیرەکانی، بە هەوڵی بەکەڵک شوێنەوارەکەی نەهێڵن و بە گفتوگۆی بەسوود، بە سەر کاریگەرییاندا زاڵ بن.

با بۆ لای کلۆڵییەکەی خەتێ بگەڕێینەوە و بڵێین ئەوەی خوێنەر لە سەر ماڵنشینکردنی ئیبن ئادەمەوە لە وەڵزێ لە پێش 1234 ەوە خوێندییەوە دەکاتە ئەوەی مامۆستا عەبدولفەتاح لە جێیەکی گوتارەکەیدا گوتوویەتی کە ڕێی تێ دەچێ جێهێشتنی ڕەواندز لە لایەن ئیبن ئادەمەوە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە لە ڕەفتاری خەتێ پەست بووبێ. ئەو ڕۆژەی فیتنەیی فەتواکە پەیدا بوو، بیست ساڵ دەبوو ئیبن ئادەم لە دەرەوەی ڕەواندز نیشتەجێ ببوو. ڕێ بە خۆم دەدەم بڵێم لێکدانەوەی وا بە گومان زیاتر بە لای بێتاوانکردندا دەچێ. بنەڕەت بێتاوانکردنە و سەرقاڵکردنیش پێیەوە پێویستی بە سەپاندن هەیە ئەوەش بە پێی فیقهـ و دادگا و سەرجەمی بیر. «حوزنی»ی خوالێخۆش بوو لە لاپەڕە 74ی کتێبەکەیدا دەڵێ خەتێ لە سێبەری دەسەڵاتی دەستەجەمعیدا دەسەڵاتی لە دەست دا و «*بە ناچاری گەڕایەوە گوندی خەتێی ناوچەی هەرووتێ*».

بە نەختێ بەگەڕخستنی مۆخەوە، پێویستە پرسیارێک بووروژێنین: لە قسەکانی بەڕێز حوزنییەوە زانیمان وشکییەک لە نێوان خەتێ و میر ئەحمەددا هەبووە ئیتر چی وای لە خەتێ کرد بە درێژایی دەسەڵاتی میر ئەحمەد لە ڕەواندز بمێنێ و ئەو دەسەڵاتەی کە هەیبووە، لە کوێ لە دەستی داوە؟ هەڵەی موکریانی لە تاوانبارکردنی خەتێدا بەو ڕوونییە و ناحەزایەتی نێوان خەتێ و میر ئەحمەدیش بچێتە سەری وامان لێ دەکا چاوەڕوان بین میر ئەحمەد، دوای ئەوەی هەواڵی کوشتنی میری گەورەی پێ دەگا، بیکوژێ نەک دەسەڵاتی نەهێڵێ. قسەی موکریانی لە بارەی نەهێشتنی دەسەڵاتی خەتێوە لە سێبەری دەسەڵاتی دەستەجەمعیدا ئەوە دەڵێ کە خەتێ لە سەردەمی میر ئەحمەد و سلێمان بەگیشدا دەسەڵاتی بووە.

مانەوەی خەتێ لە ڕەواندز ماوەی نزیکەی شەش ساڵ دوای لەناوبردنی میری گەورە ئەوە دەردەخا کە گواستنەوەی بۆ گوندەکەی خۆی بە ئارەزووی خۆی بووە نەک بە زۆرەملێی کەس. قوتابخانەکەی هەر پڕ بوو لە خوێندکار و هەتا مردیش پلەوپایەی لە ناو خەڵکدا هەر بە بەرزی پارێزراو بوو. ئەوەی ئەمەش زیاتر ڕوون دەکاتەوە ئەوەیە کە گۆڕەکەی لە ڕەواندزە نەک لە دێیەکەی خۆی و ناچێتە عەقڵەوە تەرمەکەی بۆ جێیەک گوازرابێتەوە کە خەڵکەکەی ڕقیان لێی بووبێ. ئەوەش دوورە لە کۆتاییەکانی ژیانیدا قوتابخانەکەی لە گوندەکەی خۆیەوە بۆ ڕەواندز گواستبێتەوە، چونکە ئەوەی لای ئێمە جێگیرە ئەوەیە حاجی مەلا عەبدوڵا و حاجی قادری هاوڕێی لە کۆتایی 1270دا بۆ خوێندن سەفەری باڵەکیان کردووە لە مزگەوتەکەی خەتێ، لە گوندەکەی خۆیدا جێگیر بوون.

ئەگەر بە قسەی مامۆستا عەبدولفەتاح ڕازی بین کە خەتێ 1772- 1775ی زاینی لەدایک بووە کە دەکاتە 1189- 1189ی کۆچی، دەبێ لەو کاتەدا کە حاجی قادر و باپیرم خوێندوویانە، ئەو لە هەشتا ساڵی تێپەڕاندبێ. بۆ پیرەمێردێکی بەتەمەنی ئاوهاش ئاسان نییە نیشتەجێبوونی بگۆڕێ ئەگەر ناچار نەبێ. لەو ڕووەوە کە چوونی بۆ ڕەواندز بۆ وانەگوتنەوە بووە لەوە بەهێزترە بۆ ڕێزلێنانی تەرمەکەی ببەنە ڕەواندز.

ئەو شێوازە توندەی مامۆستا عەبدولفەتاح بۆ گرتنی هەر دەلاقەیەک بۆ بێتاوانکردنی خەتێ کرابێتەوە، ڕایگرتم و لە گەرمی شێوازی دەربڕینیدا وای بۆ چووم کە بە تەواوی باوەڕی وایە بەڵگەهێنانەوە بۆ بەخائینکردنی خەتێ دەستکەوتی نەتەوەیی و مرۆڤایەتی تێدایە و لە ڕوونی دارشتنەکەیەوە بۆ تەواوکردنی ئەو ئەرکە و قەبووڵکردنی هەر بۆچوونێک کە تاوانباری دەکا و ڕەتکردنەوەی هەرچییەکی بێتاوانی دەکا یا بە بێلایەن دەیهێڵێتەوە. ڕادەی سووربوونی لە سەر بەخائینکردن لە پرسیاری ئاسایی تێپەڕاندووە و دووی گومان و ڕێتێچوون کەوتووە و پێشتر ئاماژەمان بە هەندێکیان داوە. نموونەی ئاسانکاری بۆ تاوانبارکردنی ئەوەیە قسەیەکی مەرحووم عەباس عەزاوی هێناوەتەوە و لە پەراوێزی ژمارە 18ی لاپەڕە 151ی بەشی دووەمی گوتارەکەیدا دایناوە و دەڵێ:

*«مەلای خەتێ بەرماوەخۆری داود پاشا بووە و نامەم لە لا هەیە کە لە بارەی عیلمی ئیلاهییەوە پێشکەشی داوود پاشای کردووە...».*

لە وشەی «بەرماوەخۆر»ەوە، یەکسەر ئەوە بە خەیاڵدا دێ کە کەسێ لای کەسێکی تر پێگەیشتبێ. بە سەرنجێکی ساکار لە سەر گوتارەکەی مامۆستا عەبدولفەتاح لە لاپەڕە 150 بەشی دووەم دەردەکەوێ یەکەم دیداری خەتێ و داوود پاشا کاتێ بووە کە تەمەنی خەتێ لە پەنجا ساڵ کەمتر نەبووە. ئەوەش لەوەوە دەردەکەوێ کە ساڵی 1772- 1775ی زاینی لەدایک بووبێ و دەسەڵاتی داوود پاشاش لە نێوان 1817و 1831دا بووە. لە هیچ ڕوویەکەوە ویژدان و لۆژیک قەبووڵی ناکەن پیرەمێردێکیی وا کە سەرقاڵی زانست بووە، بە «بەرماوەخۆر» لە قەڵەم بدرێ.

لە ڕاستیدا عەزاوی لە تۆمەتبارکردنی پیاوانی ئاینیدا بەرەیەکی فرەوانی گرتووە و هیچ کامێک لەوانەی لە سەردەمی داوود پاشادا ژیاوون، وەک عەبدولڕەحمان ڕۆژبەیانی زانا و ئەبو سەنا ئالووسی زانا و مەولانا خالید و یەحیا مزووری زانا، لە تۆمەتبارکردن دەرباز نەبوونە. مامۆستا عەبدولفەتاحیش ئاماژە بە قسەکانی دەکا، بە ڕێبازێکدا کە پێی دەگوترێ لایەنگیری و لە ڕۆڵی پیاوانی ئاینی لە چارەنووسی ئیمارەتە کوردییەکاندا بە دوایدا دەڕوا.

قسەکردن لە سەر هەموو ئەوانە تا ئاستی بێکۆتایی درێژە دەکێشێ و وا چاکە بە دوو یا سێ نموونە کۆتایی پێ بێنین کە لەگەڵ چەندین تۆمەتی تردا ڕووبەڕووی ئەو پیاوانە کراونەتەوە. ئەوەی پەیوەندی بە مەولانا خالیدەوە

هەیە ئەوەندە بەسە ئاماژە بە ناوەڕۆکی نامەکەی بکەین کە لە وەڵام ئەو داوایەی داوود پاشا بووە کە لێی ویستووە قسەی خێر لە نێوان ئەو و میرەکانی باباندا بکات و هەندێکیشی لە لاپەڕە 151ی بەشی دووەمی گوتارەکەی مامۆستا بڵاو کراوەتەوە و ئەم ڕستەیەش لە کۆتایی بڕگەکە وەرگیراوە:

*«... ئەگەرچی خۆپێداکردنی ئەم هەژارە نەدارە بە ناو شتی لەو بابەتە ترسناکەدا بۆ هەندێ عەقڵ دەبێتە هۆکاری لەبەرچاو کەوتن و دارمان و دابەزین، لە پشتبەستنیش بە بەڵێنی دنیاویستان مافی باوەڕکردن کەمە و لە لووسکردنی ڕووەکی دڕکاوی[6] زەحمەتترە و لە پاشگەزبوونەوەیان لە بەڵێن و بە خیلافکەوتنەوەی وەعدیان دڵنیا نین...».*

مامۆستا عەبدولفەتاح نایەت لە شێوازی گردەبڕی مەولانا لە تۆمەتبارکردنی دنیاویستان بە بێبەڵێنییەوە دەرگا بۆ هێرشکردنە سەر خەتێ بکاتەوە بەڵکو لە چەند ڕستەیەکدا بۆ ئامادەکردنی نامەکە دەڵێ:

*«لەو باوەڕەدام هەڵبژاردنی ئەو – واتە مەلای خەتێ – لە لایەن داوود پاشاوە، سەرباری هۆکارەکانی پێشوو. ئەوە بووە زانا کوردەکانی تر نەیانویستووە کارێ بکەن ڕواڵەتی سیاسییانەی هەبێ».*

ئەوە دەڵێ و پێش ئەوەش لە سەرەتای لاپەڕە 151دا دەڵێ:

*«لە ناودارترین زانایانی کورد کە لەگەڵیدا پەیوەندییان بووە و لێوەی نزیک بوونە، جگە لە خەتێ، مەولانا خالید نەقشبەندی و شێخ عەبدولڕەحمانی کوڕی حوسێن بەگی ڕۆژبەیانی و مەلا یەحیا کوڕی خالیدی مزووری بوونە...».*

هەر یەکسەر لە دوای ئەوەدا دەڵێ:

*«داوود پاشا - کە دەیویست عیراق لە بن دەسەڵاتیدا گرد بێتەوە - ڕایگەیاند کە دەیەوێ لە ڕێی مەولانا خالیدەوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ میرانیی باباندا، لە سەردەمی مەحموود پاشادا خۆش بکا».*

بە پێی نووسینەکەی مامۆستا عەبدولفەتاح، مەولانا ڕێی نییە کاری وا بکات کە خەسڵەتی سیاسییانەی هەبێ مادام ڕێ بۆ بەخائینکردنی خەتێ خۆش دەکا لە کاتی هاودەمێتی و کرێگرتەییدا بۆ داوود پاشا. مەولانا خالید خۆشی لە ئەرکێکی تەواو سیاسیدا هاوکاری داوود پاشایە و ئەوەش لە لایەکە بەڵگەی خیانەتی خەتێیە و لە لایەکی تریشەوە گومانلێکراوێکی وەک خەتێ پڕوپاگەندە بۆ بەرژەوەندی داوود پاشا دەکا. بەڵام مزووری کە دوو جار لە نووسینەکانی مامۆستا عەبدولفەتاحدا تۆمەتبار کراوە لەم بابەتەی بەشی دووەمی گوتارە ناوبراوەکەیدا یەکێکە لە ناو کۆمەڵێ زانای کورد بۆ شتێ تەکلیف کراوون کە نابێ بیکەن. دوای ناوهێنانی مەولانا خالید گوتوویەتی:

*«بەڵام مزووری، داوود پاشا بۆ ئامێدیی پایتەختی بادینان، ساڵی 1824 ناردوویەتی تا دوای ئەو بشێویانەی لە سەر دەسەڵات لە نێوان میران بەگ و موسا بەگ و سەعید بەگ و ئیسماعیل بەگی*

---

[6] «خَرطُ القتَاد» پەندێکە مەبەست لێی «کارێکی لەڕادەبەدەر سەختە». خرط: داماڵین و ساف کردن. قتاد: ڕووەکێکی دڕکاوییە. بەسەر یەکەوە دەبێتە داماڵین، ساف و لووس کردنی ڕووەکی دڕکاوی.

*برازاکانی ئەو زوبێر پاشایەدا سەریان هەڵدا، کە بە وجاخکوێری مرد، لایەنگری مسۆگەر بکا. ڕەنگە ئەو ئەرکەشی خرابێتە سەر میرانی بادینان بۆ دوژمنایەتیکردنی جەلیلیە دەسەڵاتدارانی موسڵ نەرم بکات چونکە لاوازی جەلیلییەکان وای دەگەیاند کە داوود پاشا دەسەڵاتی لە سەر موسڵ هەبێ».*

ئێمە، ئەگەرچی بە دووری نازانین لە نێوانگیری کردنی مەلای مزووریدا، داوود پاشا مەبەستی بەرژەوەندی تایبەتی هەبووبێ بەڵام بەڵگەی تەوقی خیانەت لە میانگیریکردنی مزووری نە لای ئێمە هەیە نە لای کەسی تر هەیە بەڵکو بە هەموو پێوەرێک مەیانگیری پیاوێکی ئاینی بووە بۆ کوژاندنەوەی ئاگرێک کە لە ناو ماڵەکەی خۆیدا، لە نێوان چەند ئامۆزایەکدا کڵپەی سەندووە و ئەویش لێی وەشاوەتەوە خۆبەخشانە ئەرکی سەفەر بگرێتە ئەستۆی خۆی و تەمێیان بکا و کەرەسەی قەناعەتکردن بەکار بێنێ.

لە بەر ڕۆشنایی ئەم لێکدانەوەیە، گرنگیپێدانی داوود پاشا بەم بابەتە بە بێ سەرهێشە نەبووە. گومان بۆ ئەوەش ناچێ داوود پاشا بە نیەتێکی خاوێنەوە ویستبێتی شەڕی نێوان شەڕکەرانی ئامێدی نەهێڵێ دوایی بەریان بداتە گیان جەلیلییەکان مەگەر بە دوورکەوتنەوە لە ڕێتێچوونی ئاسایی. ئەوەی لە ژیاندا ئاساییە ئەوەیە خەڵک لە بارودۆخی وەک ئەوەی مزووریدا کە کەسایەتییەکی بەرز بوو، یەکەم جار لە نێوان شەڕکەراندا ناوبژی بکەن و گومانیش نییە کە مزووری هەوڵی خۆی بۆ ئاشتبوونەوەیان داوە. دوای ئەوە ڕوویەکی ترمان هەیە و دەتوانین لێیەوە بۆچوونێکی تر ببینین و باوەڕی پێ بێنین. ڕووەکەش ئەوەیە ئەگەر هەوڵەکە لەو هەموو تۆمەتە بار کرابێ ئایە دەکرێ لە دەروازەی واتای بەرهەڵستکارییەوە بڵێین هەوڵی ناتەبایی ئەرکی پیاوچاکانە؟ یان حوکمی پێشوەخت بە سەر داوود پاشا و مزووریدا بە مەبەستی خیانەت و تاوانکاری سەرنجی چاکە لە سەریان بە تەواوەتی دوور دەخاتەوە؟

بەڵام وردەکارییەکمان لە بەخائینکردنی خەتێدا لە نووسینەکەی مامۆستا عەبدولفەتاحدا هەیە کە جێی سەرسوڕمانە چونکە لە سەرەتای نیوەی دووەمی لاپەڕە 151ی بەشی دووەمی گوتارەکەدا دەڵێ داوود پاشا خەتێی بە کوڵێ دیارییەوە نارد بۆ لای میری گەورە تا پیرۆزبایی ئەو سەرکەوتنەی لێ بکا کە لە دژی بابانەکان بە دەستی هێنابوو، بۆ ئەوەش ساڵی 1826-1827 دانراوە. بەڵام لە لاپەڕە 136 «کاروان»ی ژمارە 52ی کارواندا دەڵێ دەسەڵاتی مەحموودی دووەم ساڵی 1831 عەلی ڕەزای ئامادە کرد و هەموو وردەکارییەکی باسکراوی پێ دا کە لە زۆربەی ڕووبەری ئەو لاپەڕەیەدا باس کراوە، بۆ ئەوەی بە سەر داوود پاشادا سەرکەوێ و هەر ئەو ساڵەش بە سەریدا سەرکەوت.

ئەگەر خەتێ بەرماوەخۆری داوود پاشا بووبێ - کە مامۆستا عەبدولفەتاح لە گوتارەکەیدا دەیڵێ، خەریکی ئامادەکاری بارودۆخێک بووبێ بۆ ئەوەی لە ئەستانە جیا بێتەوە و یەکێ لە تەگبیرەکانی بۆ ئەو مەبەستە ئەوە بووبێ پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ناوچەکەدا بەهێز بکا، بەوە خەریکی کارێ بووە ئەنجامەکەی سووکایەتی بووە بە سوڵتانی خەلیفە کە بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان داوود و میری ڕەواندز بووە. ئیتر چۆن ئەم خەتێ بەرماوەخۆرە کرداوە لە سەر سەکۆی خۆفرۆشیدا دەبێتە شاسواری گوێڕایەڵی ئاین کە سوڵتان مەحموودی نوێنەری بووە دوای ئەوەی سوڵتان وەلی نیعمەت و خاوەنەکەی (داوود پاشا)ی لەناوبردووە و ویستوویەتی وەلی نیعمەتی دووەمیشی کە میری ڕەواندز بووە، لەناو بەرێ؟

ئەم خەتێیە چییە تا جارێ بۆ داوود پاشا خیانەت لە میر بکا و جارێ بۆ سوڵتان خیانەت لە میر و یادەوەری وەلی نیعمەتی یەکەمی بکا و دەشزانین لایەنگریی خەتێ بە پێی ئەو نووسراوانە، وەک سەرەن ئاوی ڕانەگرتووە بەڵکو سەدەف و میرووی لە وێرانەی دنیاوە لە خۆ گرتووە. دەکرێ لە سەر ئەم گۆی زەوییە مرۆڤێک بە خەیاڵدا بێ ویژدانی تا ئەو ڕادەیە وێران بێ بەرەنگاری شوێن و کات و مرۆڤ و هەموو بەهایەک ببێتەوە، بەرەوڕووی

میر و سوپاکەی و هەموو خەڵکی ڕەواندز و کوردستان فەتوای کرێگرتەیی ڕابگەیەنێ و خاوەنی ئەو ڕابردووە چڵکن ئاشکرایەش بێ ئەوجا لە ئازاردان دەرباز بێ و ڕێز و حورمەتی بەردەوام بن و قوتابخانەکەی لە خودی ڕەواندز، دوای ئەوەش لە گوندەکەی خۆیدا ئاوەدان بێ تا مردنی لە تەمەنی سەرەوەی هەشتا و نزیکەی نەوەت ساڵیدا؟

ئەگەر عەزاوی و غەیری عەزاوی بە خیانەت و ویژدانفرۆشی خەتێیان لە دوای سەردەمەکەیدا زانیبێ کە لە یەکەم پەیوەندی بە داوود پاشاوە دەستی پێ کردبێ، چۆن لە میر و غەیری میر شاراوە بووە؟ ئەگەر خیانەت و کرێگرتەیی بووبێ، بە دڵنیاییەوە لە ڕۆژگاری خۆیدا ئاشکراتر بووە نەک دوای دەیان ساڵ چونکە خیانەتی یەک چرکەسات و هەڵوێستێکی ڕێڕەوی نەبووە بەڵکو خیانەتێک بووە، بە لای کەمەوە دە ساڵ درێژەی کێشاوە.

لە هەموو ئەو قسانەدا کە لێکدانەوەیان پێ دەکەین، ئەوانە بە خائینی دەزانن دەیانەوێ لە شتێکی ئەوپەڕی گرنگدا ئاسانکاری بکەین ئەوەش هەوڵی وەستانەوەی داوود پاشایە لە ڕووی ئەستانە و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و ئەوەش خەتێ و ناخەتێ ناکاتە خائینێکی لە میری گەورە شاراوە تا ئیمارەتەکەی بنکۆڵ بکات چونکە ئەوە دەبێتە بەهێزکردنی سوڵتانی ئەستانە و لاوازکردنی بەغدا بە ڕووخانی ڕەواندز کە وەک ئاشکرایە گۆشەیەکی بەهێزی دژە ئەستانە و لایەنگری بەغدا بووە و باسی ئەوەی خەتێ بەرماوەخۆری داوود پاشا بووبێ دەبوو ببێتە بیانوو بۆ مێژوونووسان کە خەتێ لە دژی ئەستانە لایەنگری میر بووە کە هاوتەریب دەبوو لەگەڵ لۆژیکی خۆفرۆشییەکەیدا بۆ داوود پاشا نەک فەتوا خیانەتکارییەکەی بکەنە بەردەوامی بۆ خیانەتە شاراوەکەی کاتێ دیاری داوود پاشای گەیاندە میر. بە بێ ئەوە، وا دەکەوێتەوە مێژوونووسان لێیان دەوێین باوەڕ بە داستانێکی پێکەنینئامێز بکەین کە تیایدا خەتێ، دوای تەمەنی پێگەیشتن و قووڵبوونەوە لە زانست و ناوداربوونی بە زانا گۆڕا و بوو بە شتڵێک داوود پاشا بۆ خیانەتکردن لە ئەستانە و میر دەیچێنێ و کە داوود پاشا بەهێز بوو، خەتێش لە خیانەتکاریدا بەرانبەر بە میر و کتوپڕ لە بەرژەوەندی ئەستانە و سوڵتان مەحموود و والییە قەسابەکانی بە جۆرێ بەهێز و چاونەترس دەبێ و ئازایانە ڕووبەڕوو دەبێتەوە، مێژوو بە دەگمەن قارەمانی وای بە خۆیەوە دیوە.

هەموو ئەوانە وەهمن و بوونەتە قسەی سەر کاغەز و بە هۆی دژکەوتنەوەیان لەگەڵ لۆژیکی تیۆری و لۆژیکی ڕووداوەکاندا، هەر یەکە ئەویی تر ڕەت دەکاتەوە.

خەتێ بەرماوەخۆری داوود پاشا نەبوو و هاشا ئەگەر وا بووبێ، چونکە کاتێ داوودی دیت، پێگەیشتبوو و هەبوو بوو و تەمەنی سەرکەوتبوو. پێویستی گەنج و سستی عەزم لە سەرەتای پێگەیشتنەوەیە و کەسێکی مامناوەندی خەڵکیش کە لە ئاستی تەماحدا لاوازن و سەر بە بنەماڵەیەکی ڕەسەنی ئەهلی زانست نەبێ. ئەوە لە بارەیەوە زانراوە کە پێش چوونی بۆ بەغدا لای میر پلەوپایەی بەرز بووە و تەنانەت وای لێ هات دوای دوورخستنەوەی ئیبن ئادەم بە فەرمانی میر بۆ وەڵزێ لە ساڵی 1231دا بوو سەرۆکی ئەهلی فەتوا و هەرچۆنێ بێ پلەی لەوە بەرزتر بووە قەڵەمی سەرکێش بە بێ ڕامان کاری تێ بکا و قورسایی زانستەکەشی بە تەرازوویەک نەبێ کە زانا هەرە گەورەکانی ئیسلام دەکێشێ، ناکێشرێ.

هەر بۆ ڕوونکردنەوە قسەیەکی باوکی باپیرم، حاجی مەلا ئەسعەدی جەلی، دەگوازمەوە کە لە هەندێ پەراوێزدا نووسیویەتی و لە یەک بۆنە زیاتردا بڵاو کراوەتەوە، تیایدا دەڵێ کە دوای مردنی باوکی، واثق بالله - حاجی مەلا عەبدوڵای جەلی کوڕی مەلا عەبدولڕەحمانی جەلی لە ساڵی 1246کۆچی بەرانبەر 1830 زاینیدا، میری ڕەواندز محەمەد پاشای گەورە لە پلەی باوکیدا داینا و ئەوپەڕی کەرەمی بەرانبەری نواند. مادام لەدایکبوونی حاجی مەلا ئەسعەد ساڵی 1226ی کۆچی بووبێ، ئەو دامەزراندن و کەرەمە لە تەمەنی بیست ساڵیدا، کاتی خوێندنی بووە. ئەگەر قسەکانی پێشتری مامۆستا عەبدولفەتاحیش بە هەند وەربگرین خەتێ ساڵی 1242 کۆچی دیارییەکانی لە

بەغداوە بۆ میر، بۆ ڕەواندز هێناوە و تەمەنی دەوری 54 ساڵ بووە و ئەوەش دەکاتە دوو هێندەی تەمەنی حاجی مەلا ئەسعەد، لەو کاتەدا کە ڕێزی لێ گیراوە. بە سەرنجی ئەوەی شوێنەکەی لە میرەوە نێزیک بووە و سەر بە بنەماڵەیەکی ئەهلی زانست بووە لە ئاستی بنەماڵەی جەلیزادە، ئەگەر بەرزتریش نەبووبێ، دەبێ پلەوپایەی بە لای میرەوە لە هی گەنجێکی باوکمردە کە بۆ ڕووخۆشی ڕێزی لێ دەنێ بەرزتر بووبێ.

لە بەر ڕۆشنایی ئەو بۆچوونە خەیاڵییە، دەبێ خەتێ لە دوای تەمەنی پەنجا ساڵییەوە بووبێ بە بەرماوەخۆری داوود پاشا و ئەوە لە لۆژیکەوە نێزیکترە کە چوونی خەتێ بۆ بەغدا بە ئاگاداری میر بووبێ وەک جۆرە سەفیرێک بۆ لای گەورەپیاوێک کە هەم والی بوو، هەم زانا بووە و ڕێزیشی لە زانایان گرتووە. لە ژێری میرەوە دووریش نییە ویستبێتی ئارەزووی داوود بۆ جیابوونەوە لە ئەستانە کە دوایی سوودی بۆ سەربەخۆیی ڕەواندزیش دەبێ، یا بە لایی کەمەوە کەمتر گوێی پێ دەدا، بقۆزێتەوە. بێئەنجامی ئەم ڕێتێچوونە پێچەوانە نییە چونکە ئەمە لەگەڵ بێسوودی ئەو دیارییانەدا کە داوود پاشا بە خەتێدا بۆ میری نارد هاوسان دەبێتەوە.

بەڵام لە بەر ڕۆشنایی ئەو ڕێتێچوونەی پێشتردا دیارییەکان زیاتر چاوەڕوان دەکرا و لە شانوشەوکەتی خەتێ دەوەشایەوە کە لەوە بەرزتر بووە ئەوانەی مەیلیان بە لای تاوانبارکردنیدا هەیە، بۆی دادەڕێژن. ئەوە بۆ باوەڕپێهێنانیش مسۆگەرترە کەسێ قسەی پێچەوانەی مێژوونووسەکان بکات و داوود پاشا بە قەدەر ئەوە بە لای خەتێدا بشکێنێتەوە کە لە تەمەندا لە سەرەوەی پەنجا ساڵدایە و لە زانستدا لێهاتووە و لە زۆربەی بابەتەکاندا کتێبی هەیە و ڕەگی لە هەموو کوردستاندا قووڵە، کە لانە و سەروەری و ژیانی لێیەتی لەگەڵ پاشایەکدا کە تا ئاستی خۆفێرکردن گرنگی بە زانستە ئیسلامییەکان دەدا و پێویستی بە ڕەزامەندییان هەیە بۆ دوورخستنەوە دەسەڵاتی ئەستانە لە ویلایەتەکەی. ڕێگەشی بۆ ئەوە، بەوە ئاسان دەبێ لەگەڵیاندا نەرم بێ تا لێی ڕازی بن نەک کڕینی ویژدانی زانا هەرە گەورەکانی سەردەمی خۆی. ئەوە شتێکە لە خەیاڵیشدا جێبەجێ نابێ چونکە بە مەحاڵبوونی کۆدەنگی ئەهلی عیلم و دینەوە وابەستەیە لە سەر ویژدانفرۆشی و خۆهەڕاج کردن لە بازاڕی کۆیلەدا.

لە کاتی ڕووداوەکاندا، جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان پەنابردنی ئەهلی دنیا بۆ ئەهلی دین، لەگەڵ کردنیان بە کەر و کۆیلە کە لە بازاڕ کڕدرابێتن. ئەگەر ویژدانی ئەو پیاوانە بە قەڵەمی هەندێ نووسەر کە دەیانەوێ کاریگەری غەیب نەهێڵن، لە پەرەسەندن و پێشکەوتنی مرۆڤدا بە پێی پێوانە بڕدرابێت، مەحاڵ دەبێ ویژدانی مردووە بە گرد و شاخ لە سەر هەموو زانست و هونەرەکان بنووسن و زۆربەی هەرە زۆریان ئەو پارەیەیان نەدەبوو بیدەن بەو کاغەزەی کە لە سەری دەنووسن.

من خەتێ ئیبن ئادەمی زانام خوێندۆتەوە کە کێشەی ئیبن کەمالی لە ئیعرابی ئایەتی «لاتخشون»ەدا حەل کردووە و لە بەر تیشکی مانگی داسوولکەی هەشتی یەکێ لە مانگە قەمەرییەکاندا نووسیوە و منیش بۆ چاوی ئەو زانایەی کە لەبەر بێمۆمی و پاشەکەوتی هەندێ زەیت پەنای بۆ تیشکی مانگ بردووە، ئاو زایە چاووم. ئەگەر پاکژی ئیبن ئادەم وەک هەوا بە ناو ویژدانی ئەهلی دیندا پەرت نەبێ، ئاسانیش نابێ خیانەتێکیان بە ناودا پەرت بێ کە لە نووسینی ئەوانەدا بڵاو دەکرێتەوە دەیانەوێ بە خیانەتکار بیانناسێنن.

زانا ڕووحانییەکان بە عادەت، لە پلەی ڕاستیدا دانابەزنە ئاستی خەڵکانی ناو بازاڕەکان، بەڵکو ئەوانە بە نەختێ وردبوونەوە لە پێچوپەنا پارێزراوون بە پێوانە لەگەڵ خەڵکی بازاڕ و کێڵگەدا. ئەوەش لەبەر سەرقاڵییان ماوەی چارەکە سەدەیەک بەو زانستانەی لە قورئانەوە هاتوون و دوای مردن بە چاکەکاری یا خراپەکاری کۆتایی دێ، خۆبەخۆ و بە شێوەیەکی گشتی، ترس لە خراپە و بەدکارییان، بە زەرووڕەت تێدا دەخولقێنێ و ئەوان لە هەموو کەس زیاتر بەو باوەڕەوە وابەستەن کە تارمایی بەهەشت و دۆزەخی لە پشتەوە دیارە کە لە منداڵییەوە لەگەڵیاندا

گەشەی کردووە نەک کادرێکی حیزبی کە بە چەند ساڵێک پەروەردەکردن، ماوەی چەندین ساڵ بە بۆچوونی دنیاییەوە وابەستە دەبێ.

ئەگەر بیر لە بەقاڵێک بکەینەوە کە لە پۆلیسێکی یەک خەتی دەترسێ و لە چوونە ژووری پارێزگاریش بێ هیوایە (لە سەردەمی عوسمانییاندا) مەگەر لە بۆنەی دەگمەنی دەگمەندا، ئەوە بە پێی پێوانە گوێڕایەڵترە لە محەمەد خەتێ کە میری ڕەواندز ڕێزی لێ دەگرێ و والی بەغدا پێشوازی لێ دەکا و هەندێ لە پێداویستییەکانی، ئەوەندەی فەرمانن ئەوەندە داوا نین و ئەوەش بابەتێکی ڕوونە و لە ڕۆژگاری خۆماندا لە شێوەیمان دیوە لەگەڵ سەرنجی ئەوەی گرنگیدان بە دین لە ڕابردوودا بەهێزتر و دیارتر بوو تا ئەوەی دەچووە حەج لە چوون و گەڕانەوەدا ڕووبەڕووی زۆر مەترسی دەبووەوە و نزیکەی ساڵێکی بە دەردەسەری و ماندووبوون و مەترسی و غەریبی بەڕێ دەکرد و سامانی دنیا تۆڵەی بۆ نەدەکردەوە و ئەوە، بە دڵنیاییەوە لە خەڵکی تر دیندارتر دەبێ و زیاتر پارێزگاری لێ دەکا و ئەوەش ناڵێین ئەگەر ئەو حەجەی نەکردبا دەبووە موڵکدار و هەر وەک هاوشێوەکانیشی وابەستە دەبوو بە ئەخلاقەوە و ئەو ماندووبوونە زۆرەش (هەندێ جاریش تێداچوون)ی بۆ دەگەڕایەوە و بە بێ بەرانبەریش لە جوانییەکانی ژیان پارەشی لە دەست نەدەچوو.

مامۆستا عەبدولفەتاح لە کۆتایی لاپەڕە 144 و سەرەتای لاپەڕە 145ی ژمارە 52ی کارواندا قسەیکی مەترسیداری هەیە و لە گۆشەنیگای شوێنی شەڕەکەوە دوای لەناوچوونی ئیمارەتە کوردییەکە بە دەستی قاجارەکان و عوسمانییەکان و دەڵێ:

*«هێزی ئاغا عەشایرییەکان و سەرکردە ناوچەییەکان و پیاوە ئاینییە سوودمەندەکانی دوای نەمانی دەسەڵاتی میرە کوردەکان بە پاڵپشتی دەسەڵاتی ئێران و عوسمانی وەک پەیوەندی بە فەرمانبەری بێگانەوە دەرکەوتن».*

ئەوجا دەڵێ: ئەو یاسایەی تاپۆ کە دەوڵەتی عوسمانی ساڵی 1859بۆ تۆمارکردنی ئەو زەوییانەی لە بن دەستیدا بوون یا زەوی عەشیرەتەکانی بە ناوی خۆیانەوە دەریکرد، وەرزێر وا مایەوە خاوەنی زەوییەکەی خۆی نەبێ.

لە سەرەتاوە ئەوە دەڵێم کە حاجی قادری کۆیی لە شیعرێکدا بەم بەیتە دەست پێ دەکا:

حاکم و میرەکانی کوردستان
هەر لە بۆتانەوە هەتا بابان

سەیدەکان، نەوەکانی عەلی و زەهرا و شێخەکانی تەریقەت لە ترسی ئەو دەسەڵاتدارانەی شەرعیان دەپاراست، بۆ ناوهێنانی خوا خۆیان لە گۆشەیەکدا پەنا دەدا و لەم بوارەدا ناوی مەلا یا سەرۆکی عەشرەت نەهاتووە. ناشڵێین حاجی قادر لەو بوارەدا بەڵگەیە کە لەو ڕووەوە هەردوو لایەنی تۆمەتبار کردووە یا خەڵکانی تر لەو تۆمەتە دەرباز بوونە بەڵام بە هەرحاڵ لە ڕووداوەکاندا بۆچوونی هەبووە و پێش هەمووان خەڵکی وریا کردۆتەوە و ئەوەندەی بەسە لە ناو هەموو ئەدیب و شاعیراندا ئەو هۆشی خۆی بۆ شیکردنەوەی ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی و دەرچوونی هەندێ خەڵکی سەر بە هەردوولا لە شەریعەت خستۆتە کار. لە دیوانەکەی، یا لەو شیعرانەدا کە بەر چاومان کەوتووە، ئاماژەی بەوە نەداوە دیوانی تاپۆ شێوازێک بووبێ بۆ داگیرکردن بەڵام قەسیدەیەکەی دوور و درێژی لە سەر مەترسی دانی ئۆتۆنۆمی بە ئەرمەن لە وڵاتی کورد داناوە و ئاماژەشی کردووە، بەڵکو

ڕایگەیاندووە کە شوێنە ڕەسمییەکان تاکی دامێنی کۆمەڵگەیان گەیاندۆتە ئاستی دەسەڵاتداری. ئەو بۆتە چاودێری چاوتیژی قازانج و زەرەر. بەڵام مامۆستا عەبدولفەتاح خۆی لە قووڵبوونەوەکەیدا و دوای بەکارهێنانی زاراوە باسکراوەکانی گوتارەکەی مەبەستی لە ئاغا و شێخ و بەگ چڕ کردۆتەوە و لە بەشێکی قسەکانیدا، لەگەڵ قسەکانی حاجی قادردا گونجاوە.

پێویستمان بەوە نییە جەخت لە سەر ئەوە بکەینەوە نەمانی ئیمارەتە کوردییەکان خۆی لە خۆیدا بەڵا بوو، جا هۆکار لادانی دەسەڵاتداری کورد بووبێ یان نا، ئەگەر وەهاش دانێین زاڵم بووبێتن، لەو کارەساتە کەم ناکەینەوە کە بە سەر کورددا هاتووە، چونکە نەمانی ئەوان زاڵمێکی بێگانەی لەوان زاڵمتری لە جێگەیان دانا. ململانێ کوشندەکەی نێوانیان ناخەمە حیسابەوە کە کارەسات و مەرگ و ئاوارەیی بۆ خەڵک پێ بوو و کۆتاییەکەشی نەمانی دەسەڵاتی خۆیان بوو. ئەوە بابەتێکی تایبەتییە و قسەی تێدا درێژ دەبێتەوە. ئەوەی دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە قسەکردن لە سەر شوێنەواری نەمانی ئیمارەتە کوردییەکان و دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتییەکانی تاپۆ یەک ڕووی نییە تا لێکۆڵەرەوە لە چەند دێڕێکدا و بە بڕیارێکی گردەبڕ لێی دەرچێ.

بە کورتی، بە تاپۆ دەست پێ دەکەم و دەڵێم ئەوە خۆی لە خۆیدا، بۆ سەپاندنی خاوەندارێتی کارێکی پێویست بوو و زیادبوونی ئاڵۆزییەکانی ژیان دەیخواست و بە شایەدی شایەد مافی خاوەندارێتی دەردەخست. ساکاری و ڕێزی نەریت و حوکمی ئاین یا شارەزایانی بواری زەویوزار و موڵکداری بەشی ئەوەیان دەکرد بڕیاری دادگەی شەرع بسەپێ. ئەو حوکمەی بە بەڵگەوە بە سەر شتێکدا دەدرا ململانێی پاشەڕۆژی نەدەهێشت و وەک قەواڵە تۆمار دەکرا.

بەڵام کە لە سەدەی ڕابردوودا پێشکەوتن دنیای گرتەوە، عوسمانیەکان ناچار بوون یاسای تاپۆ دابنێن و جێبەجێکردنیشی بە نۆرە بوو و زۆر لە ناوچە عاسیەکان تا کۆتایی دەسەڵاتیان بە بێ تاپۆ مانەوە. زۆر لە قەزا دوورەدەستەکانیش بە بێ بەڕێوەبەرایەتی تاپۆ مانەوە و تەنانەت دادگاشیان تێدا نەبوو. ئەگەر ڕێ هەبێ دانانی بەڕێوەبەرایەتی تاپۆ بخەینە خانەیەکەوە کە بۆ بەرپرسان و سوودمەندان بە تاپۆکردنی زەوی لە سەر وەرزێران و ئەوانەی ململانێیان بووە مەودای وەرگرتنی ڕشوە بووبێ، کەوابێ هەموو کارێکی شارستانەتی کە لە ئەورووپا وەرگیرابێ جێی گومانە وەک ئەوەی مەبەست لە بەڕێوەبەرایەتی کارەبا و پۆست کە فەرمانیی سەرەوە بە خێرایی دەگەیەنێتە خوارەوە بۆ وێرانکاری و ئاوارەکردن و کوشتن بووبێ و ڕێگاوبانی قیرکراویش ڕێخۆشکەر بووبێ بۆ داگیرکاری سەربازی و کردنەوەی قوتابخانە بۆ ئەوە بووبێ منداڵان بخوێنن تا بە وەرگرتنی مەعاش خیانەت لە کەسوکاری خۆیان بکەن و تەنانەت سەردەکەوینە بەرزترین پلەی نەفرەتکردن لە دەسەڵات، وەک لینین شیکردنەوەی بۆ پەیدابوونی دەسەڵات کردووە و بۆ چەوسانەوەی چینێکی گەڕاندۆتەوە لە لایەن چینێکی ترەوە و هیچ هۆکارێکی تر نەبووە بۆ پەیدابوونی دەسەڵات و هەموو ئەوانەش لە کتێبەکەیدا (دەوڵەت و شۆڕش) باس کراوە. بەو شێوەیە دەتوانین بڵێین داهێنانی نووسین فێڵێکی شەیتانییە بۆ دەستبەستنی چەوساوەکان بە زنجیری نووسراو و ئاین و کۆیلایەتییان بە سەردا دەسەپێنێ. ئیتر سەلەفییەکانیش مافی خۆیان دەبێ بڵێن گەشتی ئاسمانی درۆیەکە خوانەناسان دایانهێناوە بۆ ئەوەی خەڵکی ساکار هەڵخەڵەتێنن و لە دین لایاندەن.

لە ڕاستیدا، داهێنانێکی نایابی مرۆڤ نییە لە دەستبەسەرداگرتنی خراپەکاران دەرباز بووبێ و لە خەتی باش بەکارهێنان لایاننەدابێ. تاپۆش لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەو واقیعەی سەپاند کە پێشتر ڕەچاو دەکرا و گەمەکردنی بچووکترین فەرمانبەری تاپۆ بە خاوەندارێتی و سنووری زەوی کەم نەبووە بێ ئەوەی حکوومەت ئاگادار بێ.

بەڵگەی تاپۆ، گەلێ جار لە کاتی ململانێی خاوەندارێتیدا، زەوی بێدەسەڵاتێکی لە دەسەڵاتی زۆردار پاراستووە و زۆر جاریش موڵکی گەورە بە هۆی زۆری وەرەسەوە پەرشوبڵاو بۆتەوە. بابەتی تاپۆ، خۆبەخۆ لە دوای نەمانی ئیماراتە کوردییەکانەوە بە بارودۆخەکە یا بارودۆخی مێژوویی، نەک بۆچوونی تاک، تێکەڵی بێویژدانی سەرکردە و جێبەجێکەران بووە.

یەکەم تێکەڵبوونی، بە شێوەی نەرێتی بووە و ئەوەش وەک گوتمان، زۆر لە ناوچەکان بە بێ تاپۆ مانەوە و ڕۆڵیان لەو ناوچانەدا نە چاک بووە نە خراپ. سستەمی تاپۆ یەکەم جار لە چەقە گەورەکان و تەختانەکاندا جێبەجێ کرا کە حکوومەت توانای سەپاندنی یاسا و قانوونی تیایاندا هەبوو و لە دۆڵ و شاخە سەختەکاندا ئەوە نەدەکرا. قسەشی ناوێ ئەو بەرپرسەی زەوی بە ناوی خۆیەوە تۆمار دەکرد، پێش یاسای تاپۆ ئەو زەوییەی بە دەستەوە بووە. کە واقیعی خاوەندارێتیشی سەپاندووە، بۆ ئەوەی بووە لە پاشەڕۆژ دڵنیا بێ نەوەک بارودۆخی بگۆڕێ. بە دڵنیاییەکەوە کە دیومانە و زانیومانە خەڵکێکی زۆری بێ دەسەڵات بە تۆمارکردنی زەوی وەک دەسەڵاتدار سوودمەند بوونە. بە یەقینیشەوە دەزانین ڕووبەری فرەوانی زەوی کە دەیان گوند لە یەک ناوچەدا دەگرێتەوە وەک موڵکی خاوەنیان بە بێ تاپۆ مانەوە. واقعی شتەکان زۆر لەو حوکمە ڕەهایانە جیایە کە لە سروشتی ڕەواڵەتی شتەکان خۆیانەوە هەڵێنجراوون. گەیشتن بەم هاوکێشەیە: پیاوێکی بەهێز + تاپۆ + زەوی یەکسانە بە: ئیفلاسی وەرزێر، ئەمە ناڕاستە وەک هاوکێشەی: وەرزێری هەژار + تاپۆی دڵنیا یەکسانە بە سەلامەتی زەوییەکەی. ئەوە بەکەڵک نایێ وەک ڕەش یا سپی تەماشای دنیا بکەین، چونکە لە نێوانیاندا، دەیان و بگرە سەدان ڕەنگی تر - هەن.

جێبەجێکەرە دنیاییەکانیش چاک و خراپ و مامناوەندیان تێدا هەن و هاوکێشەی ڕەها کە بڵێ: ئیمارەتێکی کوردی + عوسمانی و قاجاری یەکسانە بە خیانەت، کەڵکی نییە. ئەو خەڵکانە وەک هەر خەڵکێکی تر دەچنە ناو هەڵسوکەوتکردنەوە لەگەڵ ژیاندا لەبەر ڕۆشنایی مەرج و بارودۆخ و ئەوەی خۆیان خولقاندوویانە و سروشتیان، سروشتی خراپە و چاکەدا هەڵدەگرێ و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاواز دەبێ و نەریت و کۆمەڵایەتی بۆیان دەبن بە چوارچێوە و تیادا هەیە زاڵبوونە بە سەر شەرەفی ئەوی تردا.

زەقترینی ئەو چوارچێوانە لای سەرەکعەشرەتەکان مانەوەی پەیوەندی عەشرەتیە و پەیوەندی لای کۆچەرەکان لە نێوان تاکەکاندا دەگاتە ئاستی خزمایەتی پلە یەک کە برایە و نووسینی ئینگلزم خوێندۆتەوە لە پاکژی ئەو پەیوەندییە زێدەڕۆیی کردووە. ئەوجا پەیوەندی نێوان سەرۆک و تاکەکانی ئەو عەشرەتە دێ کە وازی لە کۆچبەری هێناوە و پەیوەندییەکانیشی هەڵنەوەشاوەتەوە وەک لە عەشرەتی دزەیی هەڵوەشاوەتەوە. بەڵام کۆچەرییەکان، لە زۆربەی حاڵدا خاوەن زەوی نین تا پرسیاری چارەنووسیان سەر هەڵبدات (عەشرەتی نیوە بەنیوەش هەن کە ئێرە جێی باسیان نییە).

زۆربەی ئەو عەشرەتانەی پەیوەندییە کۆنەکانیان ماوون نیشتەجێی ناوچە شاخاوییەکانن کە حکومەتی وەک حکوومەت لێ نییە و عەشرەت ناچارە بوونی خۆی بپارێزێ لە دەستدرێژی عەشرەتە نزیکەکانی ئەوەش بە پتەوکردنی پەیوەندی نێوان سەرۆک و سەرجەمی عەشرەتدا. ئەوانە، لەگەڵ ئەوەشدا تاپۆیان پێ نەگەیشتووە و بڕیاری تیۆری و بۆچوونەکان هەرچییەک بێ، لە ناو خۆیاندا بە دەگمەن تاوانی کوشتن و زۆرداری ئەنجام دەدەن چونکە سەلامەتییان لە یەکگرتنیاندایە بەرەو ڕووی بێگانە. بەهەڵەداچوون لەوەدا کە گوایە نەمانی بابان و سۆران هەر دەبێ بووبێتە هۆی خیانەتکردنی سەرۆکی ئاکۆ و بڵباس لە عەشرەتەکەی، خەیاڵێکە تا نووسینی ئەم دێڕانە (1988/11/12) نەهاتە دی.

عەشرەتەکانیش، ئەوانەی کۆچەری بوون و ئەوانەی نیوەنیشتەجێ بوون یا پەیوەندییان لاواز بووە، وەک هەموو بەندەیەکی خوا لە پەرۆشی ڕزق و ئاسایشدا بوونە و لەوەیە دڵی حکوومەتیان ڕاگرتبێ و مامەحەمەییان بۆ پارێزگار کردبێ، ئەوجا قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیە و مەئموور مەرکەز و بەرپرسی مەخفەر. بەڵام ئەوە لە بەردەم ڕاستییەکی گەورەتردا بەربەست نییە ئەوەش نارەحەتی حکوومەتە لە فەرمانبەرێکی سوودمەندی گەورە کە سەد جار لەوە ئاشکراترە کە گوێ بە هەژاران نادات.

ئەگەر سروشتی بەرژەوەندی ئەوە بێ بۆ نزیکبوونەوە لە نوێنەری حکوومەت پەنا بۆ بەرتیل بە مەڕ و میوە ببرێ، زۆر لە سەرکردەکانی قەومی کورد بە جۆرەها بیانوو کە گەورەترینیان ترسی حکوومەت بووە لە دەسەڵاتیان کە زۆر جار سەری بۆ یاخیبوون یان خۆلادان لە دەسەڵاتی حکوومەت و مەیلەو سەربەخۆ بوون کێشاوە، قوربانی دەستی حکوومەت بوونە. سەرۆکی بەهێز زۆر لە میر دەچێ و میریش هیچ نەبووە جگە لە یەکێ لەوانە و بۆی لواوە دەسەڵاتی بۆ دەرەوەی عەشرەت و تائیفەکەی خۆی فرەوان بکا و ئەوەش دیاردەیەکی دیاری ناو کورد و غەیری کورد بووە و ناوی هەندێکیان لە توێی گوتارەکەی مامۆستا عەبدولفەتاحدا هاتووە کاتێ هێزەکانی عوسمانی لە چەندین ناوچەی جیاوازدا هێرشیان بردۆتە سەر عەشرەتە بەهێزە عارەبییەکان.

ئەوەی شارەزای مێژووی پەیوەندی قاجاری و عوسمانی بێ بە کوردەوە، زۆر نموونە دەبینێ کە پشتگیری ئەوە دەکات کە من گوتم، وەک کوشتاری غەفوورییەکانی کۆیەی ساڵی 1284ی کۆچی، کە تەقیەددینی والیی بەغدا کاتێ ئەنجامی دا لە هێرشی بۆ سەر پشدەر دەگەڕایەوە و یاخیبوونی هەمزاغای مەنگوڕیش بە ڕێککەوتن لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵای نەهری لە دژی قاجارەکان لە نەوەتەکانی سەدەی سێزدەی کۆچیدا (ئەوەی بە بەڵێن و سوێنخواردنی قاجارەکان لەناوبردنی هەمزاغا خۆی لێ کەوتەوە) و هەتا ڕۆژی ئەمڕۆش خەڵک لە دانیشتنەکانیاندا باسی هەڵاتنی محەمەد پاشای جاف دەکەن لە ئەستانەوە بە هەندێ ناوچەی ڕووسیای قەیسەر و ئازربایجانی ئێراندا تا گەیشتەوە کوردستانی ئێران و لەوێشەوە دوای ماندووبوونێکی زۆر گەیشتەوە عەشرەتەکەی (جاف) ئەوەش لە ترسی ئیعدامکردنێک کە بۆیان نابۆوە و چاکەخوازێک لێی ئاگادار کردبۆوە.

جافەکان خۆشیان لە هەردوو بەری سنووری قاجار و عوسمانیدا، لە بەردەم هەڕەشەی «عاقلکردن»دا بوون. نموونەی دوژمنکارانەی نێوان ئەو دوو حکوومەتە و عەشرەتە کوردەکان زۆر زۆرە و هەمووشیان بەڵگەن بۆ ڕەتکرنەوەی ئەوەی گوایە داگیرکەرانی کوردستان، دوای نەمانی ئیمارەتەکان، بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتە شەڕانگێزەکانیان پشتیان بە سەرۆکعەشرەت و پیاوانیان بەستووە. من ئەوە بۆ ئەوە ناڵێم پلەوپایەی سەرۆکعەشرەتەکان بۆ ئاستی مەلائیکەت بەرز بکەمەوە، بەڵام لە ڕووی هەڵسەنگاندنی ئەو واقیعەوە کە بێگانەی داگیرکەر ململانێی هەموو خاوەن پلە و پایەیەکی کردووە دەیڵێم، کە هۆکارە بۆ بەرەنگاربوونەوەیان.

بابەتەکە لێی دەوێم ئەوە بڵێم کە میرانی کورد خۆشیان زەوی و پلەوپایەیان بەوانە دەدا کە خۆیان دەیانویست و ئەوەش کارێک بووە شوێنەواری بە سەر وەرزێرەکانەوە ماوە کە دوایی عوسمانی و سەفەوی و قاجارییەکان بۆیان کردن بە موڵک. بەڵام دەکرێ بڵێین ئەوە لە زەوییەک دەکرا کە خاوەنی نەبووبێ و بووبێ بە موڵکی گشتی.

لە بنەماڵەی جەلیزادە نموونە لە سەر ئەوە هەیە ئەوەش لە سەردەمی عەبدولڕەحمان پاشا بووە کاتێ باپیری پێنجەمم عەبدولڕەحمان جەلی لە گوندی «جەلی»یەوە باری کردووە بۆ کۆیە و قوتابخانەیەکی بۆ دروست کراوە و داهاتی چەند پارچەیەکی پێوە وابەستە کردووە تا بۆ پێداویستییەکان مامۆستا لە دەرسگوتنەوە و ژیانی خۆیدا سەرف بکرێ و دوای خۆشی بۆ کوڕەکانی مایەوە تا چەند دە ساڵێک پێش ئێستا کە یاسایەکی تایبەتی لە یاساکانی چاکردنی زەوی گرتییەوە و ناوی خاوەنەکانی سڕدرانەوە.

نموونەی دووەم لە سەردەمی «واسق بیللا» عەبدوڵا جەلی کوڕی بوو کە گوندی پێپازۆک لە لایەن وەکیلی دەسەڵاتی بابانەوە کرا بە موڵکی. مادام واسیق بیللا ساڵی 1246 مردووە، دیارە پێش سەردەمی تاپۆ کراوە بە موڵکی ئەو و قەواڵەکەش هەتا ڕۆژی ئەمڕۆمان ماوە لەو کارەساتانەی زەمان دەرباز بووە کە بە سەر ئەو نووسینە نەریتییانەدا هات کە لە نرخاندن نەدەهاتن و ساڵی 1963 فەوتان.

ئەوەندەی باس کرا بەسە! نیازیشم نییە بگەڕێمەوە سەر ئەم بابەتە کە تەنانەت نەوەکانی خەتێش ئازایەتی ئەوەیان نییە بەرگری لەو و لە خۆیان بکەن. دەبێ قسەیەک لە سەر کارەساتی هەڵکۆڵینی قەبرەکەی لە 1958یشدا بکەین کە کارێکی قێزەون و نابەجێ بوو بە حوکمی ئەوەی بە ڕێزدارییەوە لە ناو خەڵکیدا مابۆوە تا نووسینەکانی حوزنی لە بیستەکاندا و بوونیان بە کتێب لە سییەکاندا، ئەوجا لەگەڵ هەوا و هەوەسی گەنجاندا یەکی گرتەوە و تێکهەڵقژانی بۆچوون و کڵپەسەندنی بیری هاروهاجی سیاسی دوای شۆڕش بە چەند مانگێک، لە ناوچەکەدا بوو بە جێی سەرسوڕمان و ناڕەزایی. مەودا نییە و پێویستیش نییە لێرەدا پێیدا بچینەوە.

پێم خۆشە لە کۆتاییدا ئاماژە بەوە بکەم کە ناتەبایی لە نێوان نووسینەکەی موکریانی و ئەوانەی مامۆستا عەبدولفەتاحدا لە بارەی کۆتایی دەسەڵاتی بابان و ڕەسووڵ پاشای ڕەواندزدا هەیە. مامۆستا عەبدولفەتاح ڕووخانی ئیمارەتەکەی ڕەسووڵ پاشا لە 1847ز بەرانبەر بە 1264 کۆچی و ئیمارەتی بابانیش لە 1850ز بەرنابەر بە 1267ی کۆچی دەخاتە ئەستۆی نەجیب پاشا، لە کاتێکدا مەرحووم حوزنی باسی ئەوە دەکا کە نامیق پاشای والیی بەغدا ساڵی 1272ی کۆچی (واتە 1855ز) ڕەواندزی داگیر کردووە و هەر ئەویش گەڕانەوەی ڕەسووڵ پاشای لە ئێرانەوە بۆ بەغدا، ساڵی 1277 قەبووڵ کردووە و کاتێکیش ساڵی 1281 کرا بە ڕاوێژکار، ڕەسووڵ پاشای لەگەڵ خۆیدا برد بۆ ئەستانە و مەیانگیری بۆی کرد و ساڵی 1282کرا بە والی شاری وان. بەڕێز حوزنی ساڵی کەوتنی بابانی دەستنیشان نەکردووە تا بە بۆچوونەکەی مامۆستا عەبدولفەتاحی بگرین.

ئەوەی من دەیبینم ئەوەیە کە بۆچوونەکەی موکریانی لە بارەی ڕەسووڵ پاشاوە ڕاستە. بەڵام ڕووخانی سلێمانی بە دەستی نەجیب پاشا بووە بەڵام لە ساڵی 1261ک کە بەرانبەرە لەگەڵ 1845ز و تەنانەت بڕگەیەک لە شیعری عەبدولباقی ئەلعومەری لە کۆتایی قەسیدەیەکدا بە نەجیب پاشادا هەڵدەڵێ و پیرۆزبایی سەرکەوتنەکەی لێ دەکا و تیایدا دەڵێ:

بسدید رأیک فتحت بابانها

ئەوەش بە حیسابی جوملە دەکاتە 1261ک.

ئیتر داوای لێبوردن لە گیانی خەتێ، لە نەوەیەکەوە کەچی ناشێ بیستی و ئەوەی بیستی لەوە کەمترە بگاتە تۆزی بەر پێی. لە حوزنی موکریانیش تەمای ئەوەم هەیە بە سەر ئەو قسانەمدا بگوزەرێ کە بۆ بەرگریکردن لە ئەرکێکی سەر شانم کردمن. بۆ مامۆستا عەبدولفەتاحیش دوعا و ئاواتی سەرکەوتنم هەیە بۆ ئەوەی ماوەیەکی درێژ خزمەتی مێژووی میللەتەکەی بکا.

بەغدا 1988/11/12